# پۆپەری کلۆڵ و کلۆڵیی هەمیشەیی لیبڕاڵیزم

## توێژینەوەیەکی رەخنەگرانەی بەراووردکارییە

**"تا ئێستا فەیلەسوفان بایەخیان بە راڤەکردنی بوون داوە، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کار بۆ گۆڕینی بکەین نەك راڤەکردنی"(مارکس)**

**محەمەدی مشیر**
**تەمموزی 2008**

پێشکەشە بە:

***هەموو ئەوانەی شێلگێرانە لە پێناو ئازادی راستەقینەی مرۆڤایەتی و نەهێشتنی شێوەکانی جیاکاری تێدەکۆشن..**

***بە باوکم کە مارکسیستانە پەروەردەی کردم..**

***بە هاوسەری خۆشەویستم ئەگەر ئەو نەبووایە ژیان بۆ من هیچ مانایەکی نەدەبوو..**

**ئەم کتێبە بۆ؟**

لە 2008/4/30 دا وتارێکم بەناونیشانی (ئۆبالّی هەڵەکانتان مەخەنە ئەستۆی مارکسیزم) لە ماڵپەڕی دەنگەکان بڵاوکردەوە، ئەم وتارە پتر لە سەدو هەشتا جاران لەلایەن خوێنەرانی ماڵپەڕەکە خوێندرابوویەوە یان بینرابوو، ئەگەرچی ئەم ژمارەیە زۆر وورد نییە، بەڵام سەرباری ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە مارکسیزم وێڕای دارِمانی ئەزموونەکەی سۆڤیەت و ئەو رەخنانەی لەوەتەی سەرهەڵدانییەوە ئاراستەی دەکرێن، هێشتا فەلسەفەیەکی زانستی مرۆڤدۆستانە و زیندووە وخوێنەری خۆی هەیە، جا ئەو خوێنەرە چ دژ بێ و بیەوێ بزانی چی تازە لەمبارەیەوە هەیە، چ رەخنەی لە مارکسیزم هەبێ و بۆ زانیاری زیادتر و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی پێشتری ئەم جۆرە وتارانە بخوێنێتەوە، چ لایەنگر بێ و بزانێ دوای ئەو هەرەسەی سۆڤیەت و بلۆکی ئەورووپای خۆرهەلاّت دنیا چ باسە، ئەمە دیوێکی مەسەلەکەیە، دیوەکەی دی خوێنەرێك بەناوی(سۆران هایدلبرگ)، کە پێموایە ناوێکی خوازراوە، دوور لە توندڕۆیی و بە زمانێکی سادە تێبینییەکانی خۆی بە چەند دێڕێک لەبارەی وتارەکە نووسیبوو کە لە دەستپێکیدا پەنجەی بۆ بۆچوونەکانی (کارڵ پۆپەر) و چەند سۆسیۆلۆژیستێك درێژکردبوو، رەخنەیەکی هێمنانەشی لە بەندە گرتبوو کە داوای لێکردبووم بەرگی چەپی مارکسی داماڵم و بەقسەی ئەو پۆپەر وماکس فیبەر و تالکۆت بارسۆنز و ئەو کەسانە بخوێنمەوە کە گوایە بە بۆچوونی ئەو برادەرە، لەگەڵ ئەوپەڕی رێزم بۆ بۆچوونەکانی، لە بواری فەلسەفە و فکرو ئابووری و سۆسیۆلۆژیا..تاد، شکستی مارکسیزمیان سەلماندووە یان رێگەچارەی باشتریان بۆ کێشەکانی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتی پێیە، بە هەر حاڵ سوپاسی ئەو برادەرە دەکەم کە نایناسم و پێشتریش ناویم نەبیستووە، بەڵام سەرنجمی بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە راکێشا کە ماوەیەك پێشتر لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێی مارکسی و چەپ باسمان لەوە کردبوو کە بواری هزری مارکسی بە زمانی کوردی نووسین و گوتار و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کەمە، یان ئەوەی بەردەستیشە وەکو پێویست نییەو بەشی هەرە زۆری بابەتی وەرگێڕدراون و لەنێویشیاندا پشکێکی زۆریان بە ئەمانەتەوە وەرنەگێڕدراون یا دوای چەندین وەرگێڕان بە کوردی کراون، بۆیە پێویستە بایەخی پێبدرێت و خۆێنەری کوردیش، بەتایبەت نەوەکانی ئێستا، زانیاری پتریان لەبارەیەوە هەبێ تاکو هەرهیچ نەبێ ئەو تەمومژە بڕەوێتەوە کە ئەزموونەکەی سۆڤیەت و تیۆریسیان و بیرمەندانی سەرمایەداری بۆ بەرژەوەندی و تەمەن درێژی سیستەمە (سیاسی – ئابووری) یەکەیان هەوڵی مانەوەو سەقامگیرکردنی دەدەن، ئەگەرچی لە زۆر لایەنی گرنگی ژیانیشدا سوودیان لە مارکسیزم وەرگرتبێ و ئاماژەشیان بەم راستییە نەکردبێ یان شەرمنانە پەنجەیان لەسەر دانابێ !


خاڵێکی دیکە لە تێبینییەکانی ئەو برادەرەی ناویم لە سەرەوە هێنا ئەوەبوو کە چۆن ئەو گەلانەی چەوساندنەوەی گەلانی دیکە دەکەنە پیشە ئازادنین، لەمبارەیەوە هەر هێندە

دەڵێم ئەو گەلانەی چەوسانەوەی گەلانی دیکەیان پێقبووڵە بەهەمان ئەو کۆت و زنجیرەوە بەندن کە گەلانی دیکەی پێدەچەوسێننەوە و باجی ئەمەشیان قورس داوە و دەیدەن، نموونە ئەڵمانیای نازی ئێستاشی لە گەڵدابێ باجی هۆلۆکۆستی جولەکەکان دەداتەوە، تورکیا تا ئێستاش کە ناکرێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا باجی کۆکوژی ئەرمەنەکان و چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد دەداتەوە، ئەمریکا تا نوکەژی باجی جەنگی ڤیەتنام دەداتەوە، دەرەنجام باری قورسی ئەو باجدانەوەیەش لە سەر حسێبی خودی گەلانی ئەو وڵاتانە دەبێت کە رژێمەکانیان پێشتر گەلانی دیکەیان چەوساندۆتەوە.مارکس کە گوتویەتی" هەر گەلێك گەلێکی دیکە بچەوسێنێتەوە ئازاد نییە"بە قووڵی پەیوەندی نێوان چەوسێنەر و چەوساوەی رەچاوکردووە و ئامانجی هەرە مەزنی فەلسەفە و تێڕوانیینەکانیشی خودی مرۆڤ بووە، کە نابێت هیچ پەیوەندییەکی ناڕەوا نایەکسان و گوماناوی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەبێت، هەر مرۆڤێك یەکی دیکە بچەوسێنێتەوە ئازاد نییە، جا هۆکارو شێوازی ئەو چەوساندنەوەیە هەرچییەك بێت، ئاسەواری چەوساندنەوەکە وەك چۆن کاریگەری بەسەر چەوساوەکەدا هەیە ئاواش بەسەر چەوسێنەرەکەوە دیارە.

هیوادارم سەرباری کەمی سەرچاوەکانی بەردەست و زیادتر هەڵگرتنی بابەتەکە ئەم هەوڵە بچووکە، کە لە سێ تەوەردا باس لە جیاوازییەکانی نێوان مارکسیزم و لیبڕالیزم دەکات، توانیبێتی لە رێگەی رەخنە و بەراووردکارییەوە تیشکێك بخاتە سەر هەندێ لایەنی مارکسیزم و ئەوانەی مارکسیزمیان قەبوڵ نییە، یان لەو باوەڕەدان کە مارکسیزم شکستی هێناوە و ئیتر بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێ و تەواوی هەڵەو کەموکورتییەکانی خۆیان دەخەنە ئەستۆی مارکسیزم و لەو باوەڕەدان کە تاکە هزر و فەلسەفەی سەردەم نیولیبڕالیزمە و مرۆڤایەتی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەی لەبەردەستدا نییە .

**محەمەدی مشیر**
**تەمموزی**
**2008**

## پۆپەر كێیە؟



كارڵ ریمۆند پۆپەر(28یۆلیۆ 1902 ڤیەننا- 17 سێپتێمبەر1994 لەندەن). لە نەمسا لە خێزانێكی جولەكە هاتۆتە دنیا ، بەڵام پاشان بووەتە كریستیان، پسپۆر بووە لە فەلسەفەی زانستەكان و لەبەریتانیا جێنشین بووە، لە پەیمانگەی ئابووری لەندەن وانەبێژبووە، لە لایەن لیبڕالست و لایەنگرانیانەوە بە یەكێ لەناودارترین و پڕبەرهەمترین كەسایەتی دادەنرێ لە بواری فەلسەفەی زانست لە سەتەی بیستەمدا، بە شێوەیەكی بەرفراوان لە بواری فەلسەفەی كۆمەڵایەتی و سیاسیدا نووسیویەتی.1928 لە بواری دەروونناسیدا دكتۆرای بەدەستهێناوە، ساڵی 1937 چووەتە نیوزیلاند و لەوێ لە چەندین زانكۆدا وانەبێژبووە، ساڵی 1945 كتێبی (كۆمەڵگەی كراوە و دوژمنەكانی)نووسیوە كە بەهۆیەوە وەك نووسەرێكی سیاسی شۆرەتێكی جیهانی وەدەستهێناوە، لە 1949-1969 مامۆستای لۆژیك و میتۆدە زانستییەكان بووە لە زانكۆی لەندەن .

## كورتەیەك لەبارەی بۆچوونە سەرەكییەكانی كارڵ پۆپەر

كارڵ پۆپەر یەكێكە لەو فەیلەسوفانەی لە سەرەتاكانی ژیانیدا بە ماركسیزم سەرسام بووە، لەمبارەیەشەوە لەژیاننامەی خۆیدا رایگەیاندووە كە" لایەنگرانی ماركسیزم هەمیشە پشت بە چەندین رووداوی ژیانی كۆمەڵایەتی دەبەستن كە دروستی میتۆدەكەیان دەسەلمێنێ"، بەڵام دواتر دژایەتی ماركسیزمی كردووە.

پۆپەر بەپێی میتۆدی (( ئاوەزگەرایی رەخنەگرانە- العقلانیة النقدیة)) كاری لە بواری فەلسەفەدا كردووە و بنەماكانی ئەم میتۆدەی چەسپاندووە، بۆ دژایەتیكردنی ماركسیزم ددان بەوەدا دەنێ كە لە پێش هەموو شتێكدا لەبری پرەنسیپی (ئەگەری بەدیهاتن و ئەگەری سەلماندن – امكانیة التحقق و الاثبات) وەك پێودانگێك بۆ سەلماندنی زانستیبوونی هەر تیۆرێكی زانستی، پرەنسیپی بەدرۆخستنەوە (التكذیب) یان پووچەڵبوونەوەی(( Falsifiability ))، بۆ رەتكردنەوەی میتۆدی زانستییانەی ماركسیزم دارشتووە.

بەشێكی بۆچوونەكانی پۆپەر دوای بڵاوبوونەوەیان بەرەورووی رەخنەبوونەوە و بەشێكی دیكەشیان لە رێگەی نووسینەكانی شاگرد و لایەنگرەكانی وەكو (لاكاتۆس، بارتلی و كۆن فایرباند و ..هیتر)گەشەیان پێدرا، بەمەش ئاوەزگەرایی رەخنەگرانە برەو و دەنگۆییێكی تایبەتی لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئینگلاند و ئەڵمانیای یەكگرتوو پەیداكرد و لە دەیەكانی كۆتایی سەدەی رابردووشدا بووە یەكێك لە گرنگترین چاوگە فەلسەفییەكانی چینی دەسەڵاتداری بۆرژوا.

برەوسەندن و سەرکەوتنی هەوڵەکانی (( ئاوەزگەرایی رەخنەگرانە)) لە جیهانی هاوچەرخی سەرمایەدارییدا بەڕای هەندێ لە بیرمەندانی مارکسی بەوە راڤەنەکراوە کە تاچەند چاکسازی لە ساختاری فەلسەفەی زانستیی مرۆکرد(فلسفه العلم الوضعية) کردووە، بەڵکو بەوە پێوانە و راڤەکراوە کە دامەزرێنەرەکەی، واتە کارڵ پۆپەر، بە پێی ئەم میتۆدەو لە بەرگێکی زانستی درۆییندا تاچەند دژایەتی مارکسیزم دەکات. هەر لەبەر خودی ئەمەش لە هەلومەرجی توندتربوونی لە راددەبەدەری ململانێی چینایەتی هێزە پارێزکارە کۆنەپەرستەکان و توێژگەلێکی سۆسیال دیموکراتی راستڕۆ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا پێشوازییان لە تێزە هزری و فەلسەفییەکانی کرد.
سەرەتای ئایدیا بنەڕەتییەکانی پۆپەر لەمەڕ میتۆدی ((ئاوەزگەرایی رەخنەگرانە)) بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە بیروڕای دیارترین پێڕەوانی (ئەلقەی ڤیەننا) ی دەخستە ژێرپرسیارو رەخنەی لێدەگرتن. هەرچەندە پۆپەر بە یەکێك لە پێڕەوانی پۆزەتیڤیتییە نوێیەکان (الوضعيين الجدد) ئەژماردەکرێ، بەڵام بۆ خۆی بەشێوەیەکی بنبڕ ئەمەی رەتکردۆتەوە وخۆی بە(واقعبینێکی میتافیزیکی) ئەژمارکردووە. ئەو لەو باوەڕەدابووە کە مامەڵەکردنی نوێنەرانی میتۆدی پۆزەتیڤیتی لۆژیکی(الوضعية المنطقيه) لەگەڵ واتای دەربڕین و دەستەواژەکان لە زمانی ئاساییی، یان زانستیدا، کارێکی بێسوودە، کەچی ئەوان بە تاکە خولیای رەوای هەر فەیلەسوفێکی راستەقینەی دەزانن.
جیاوازی پۆپەر لەگەڵ ئەواندا لەوەدابوو کە پۆپەر جەختی لەهەبوونی کێشەگەلی فەلسەفی کردەیی دەکردەوە و ئەو کێشە فەلسەفییە تەقلیدییانەی کە پۆزەتیڤیتییەکانیش بە کێشەی پووچیان دەزانی لە چوارچێوەی ئەو کێشانە ئەژمار دەکرد، بەڵام وێڕای ئەمەش بابەتە بنەڕەتییەکانی ((ئاوەزگەرایی رەخنەگرانە)) لە سەر زەمینەی پۆزەتیڤیتی لۆژیکی نەشونمایان کرد، ئەگەرچی دواتر گۆڕانکاری جیددیشیان تێدکرا.
پۆپەر لەگەڵ لایەنگرانی پۆزەتیڤیتی لۆژیکیدا لەو خاڵەدا تەبا بووە کە ئەوان هەوڵیان داوە پێودانگێك بۆ زانستیبوونی کێشە زانستی و تیۆرە زانستییەکان بدۆزنەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی جیاوازی نێوان کێشە زانستی و میتافیزیکییەکان بکاتە بابەتی رەخنەکانی و بەرەنگاریان ببێتەوە، داوایکردووە کێشە زانستییەکان لە کێشە زانستییە درۆیینەکان جیابکرێنەوە، لەمبارەیەشەوە پێودانگێکی تایبەتی بۆ خۆجیاکردنەوە لەوان داڕشت و رەخنەیەکی تەڵخ و رەشبینانەی ئاراستەی پرەنسیپی هەموارکراوی (ئەگەری بەدیهاتن و ئەگەری سەلماندن)کرد، کە بە پرەنسیپێکی بنچینەیی ئاوەزگەرایی پۆزەتیڤیتی ئەژماردەکرێ. دواتر سەبارەت بە رەخنەکانی لەم پرەنسیپە پۆپەر رایگەیاند کە رەخنەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو بوونە مایەی هەرەسهێنانی ئاوەزگەرایی لۆژیکی.
پۆپەر سەرباری رەخنەکانی لەمەڕ پرەنسیپی(ئەگەری بەدیهاتن و ئەگەری سەلماندن)، لەو باوەڕەدابوو کە میتۆدی پشکنین و بەدواداچوونیش - الاستقراء- میتۆدێکی داڕماوە، ئەگەرچی ئەم میتۆدە گەوهەری پرەسەنسیپی بەدیهاتن و سەلماندنە، لەمەشدا پشت بە بیانووەکانی (داڤید هیوم) دەبەستێ و پێیوایە رووداوەکان هەرچەندیش زۆربن ناتوانن دروستی کێشەیەکی گشتی یان تیۆرێکی کردەیی بسەلمێنن .

پۆپەر میتۆدی پشکنین و بەدواداچوون لە بواری تیۆرە زانستییەکاندا، بە میتۆدێکی مەعریفەی زانستی ئەژمار ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی بنبڕ رەتیدەکاتەوە و بە دڵنیاییەوە جەختی لێدەکاتەوە کە رووداوە تاکەکان لەکاتی هەر تاقیکردنەوەیەکی زانستیدا، ژمارەیان هەرچەند بێت، ناتوانن ببنە سەرچاوەی هەڵێنجانی حوکمێك یان دەرەنجامێکی گشتی. پۆپەر ددان بەو راستییە نانێ کە میتۆدی پشکنین و بەدواداچوون بەشێوەیەکی بەرفراوان و بە درێژایی چەندین سەدە لە بواری زانستە ئەزموونییەکان سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە، بەڵکو ئەم مەسەلەیە بە رووداوێکی سایکۆلۆژی رووت لە قەڵەم دەدا و پێیوایە هەموو سەرکەوتنەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی لۆژیکی مەعریفەی زانستیدان، بۆیە لەجیاتی پرەنسیپی (بەدیهاتن و سەلماندن- التحقق و الاثبات) پرەنسیپی بەدرۆخستنەوە(التكذيب) یان((پووچەڵبوونەوە- Falsifiability )) وەك هاوجێیەك دەخاتەڕوو .

رەوتی ئاوەزگەرایی لۆژیکی لە فەلسەفەدا پێیوایە ئەو جۆرە تیۆرە دەچێتە ژێرباری میتۆدی بەدیهاتن وسەلماندن ئەگەر تێزەکانی بەردەستبن و بشێ لە لایەنی هەستەکییەوە لێیان بکۆڵرێتەوە، بەڵام پۆپەر، بە پێی میتۆدی ئاوەزگەرایی رەخنەگرانە، پێیوایە هیچ تیۆرێك بە زانستی ئەژمارناکرێ تەنها ئەوکاتە نەبێ کە هەندێ رووداو لە رووی پرەنسیپەوە بتوانن ئەو تیۆرە پووچەڵبکەنەوە یان بەدرۆی بخەنەوە. پرەنسیپی بەدرۆخستەوە یان پووچەڵکردنەوە بەردی بناغەی بۆچوونەکانی پۆپەر پێکدەهێنێ، جا چ لە بۆچوونە زانستییە تایبەتەکانیدا بێ یا لە بۆچوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیدا .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا پۆپەر لە سەرەتادا سەرسامی مارکسیزم بوو، هۆکاری سەرسامییەکەشی لەوەدا سەرچاوەی گرتبوو کە مارکسیزم هەمیشە پشت بە کۆمەڵێك رووداوی جیاجیای ژیانی کۆمەڵایەتی دەبەستێ کە دروستی میتۆدەکەی دەسەلمێنن، بەڵام دواتر خودی ئەم راستییە، واتە راستی پشت بەستن بە ژمارەیەکی زۆری رووداوەکان، لەدژی مارکسیزم بەکاردێنێ و رایدەگەیەنێ کە ناکرێ تیۆری زانستی لە گەڵ هەموو رووداوەکاندا کۆك و تەبا بێت، هەرتیۆرێکیش ئەوکاتە بەزانستی ئەژماردەکرێت کە هەندێ لە رووداوەکان وەدەرنێت و مامەڵەیان لەگەڵدا نەکات، هەرچەند ژمارەی رووداوە وەلانراوەکانیش زیاتر بێت، ئەو هێندە زانستیتر دەبێ. بە گوتەیەکی دی پۆپەر پێیوایە مادامەکێ مارکسیزم پشت بە ژمارەیەکی زۆری رووداو دەبەستێ کەواتە تیۆرێکی نازانستی و دۆگماتیکە و رێژەیبوونی پێرەونەکردووە.

لە هەردوو کتێبی ( کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی - 1945) و( هەژاری مێژووگەرایی - 1957) پۆپەر سەرسەختانە دژایەتی کۆمۆنیزم دەکات و مەبەستیەتی :

یەکەم/ نارەوابوونی حەتمیەتی مێژوویی ((السببية - Determinis )) بەدیاربخات و پێمان بڵێ لە لایەنی پرەنسیپەوە ناشێ پێشبینی زانستییانەی رەوتی مێژوو بکرێت، بەمشێوەیەش ئەو قسەیەی مارکسیزم رەتبکاتەوە کە دەڵێ لەدوای سەرمایەدارییەوە سۆسیالیزم ودواتریش کۆمۆنیزم دێت. لە راستیدا پۆپەر لە لایەنی کردەییەوە باوەڕی بە هەبوونی زانستی مێژوو نییە تا وەك زانستێك بۆ زانین و دەستنیشانکردنی یاساکانی

گەشەکردنی کۆمەڵایەتی سوودی لێوەربگیرێت، لەمەشدا شوێنپێی (ئارسەر شۆبنهاوەر 1788 - 1860 ) دەکەوێت کە لەو باوەڕەدابوو ویستی کوێرانە (الارادة العمياء) و نائاوەزگەرایی (اللاعقلانية) گەوهەری جیهان پێکدەهێنن و ئەو ویستەی حوکمڕانی جیهانیش دەکات ناچێتە ژێرباری هیچ یاساگەلێکی سروشتی یا کۆمەڵایەتی و گەیشتنی مرۆڤ بە مەعریفەی زانستی شتێکی ئاستەمە و رەتکردنەوەی پێشکەوتنی مێژووییش تایبەتمەندییەکی مەیلی ویستخوازنەی شۆبنهاوەر پێکدێنێ کە بەشێوەیەکی تژی لە رەشبینی سەیری خەڵك و جیهان دەکات .

دووەم/ پۆپەر لە کتێبی (لۆژیکی توێژینەوەی زانستی)دا هەوڵدەدات، بە پشت بەستن بە ئاکارە سادەکراوەکانی تیۆرەکەی خۆی، زانستیبوونی تیۆری مارکسی رەتبکاتەوە، لەمەشیاندا بە شێوەیەکی بەرچاو میتۆدی واقعیبوونی زانست دەشێوێنێ و متمانە دەکاتە سەر ئاکار و فاکتەرە خۆییەکان(ذاتی).

سێیەم/ بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی سۆسیالیستی پۆپەر هەوڵدەدات بیسەلمێنێ کە هەر هەوڵێك بۆ دەربازبوون لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هەوڵێکی نەزۆکە و سەرجەم ئەو ناکۆکییانەی هەڕەشە لە نەمانی ئەو سیستەمەش دەکەن هیچ نین، چونکە بەقسەی ئەو پێویستە هەمیشە لە کۆمەڵگەیەکدا بژین دووربێ لە کامڵبوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرمایەداری دوا قۆناغی گەشەکردنی مرۆڤایەتییە و لێرەدا کۆتایی بە مێژوو دێت هەر وەك فۆکۆیاما بانگەشەی بۆ دەکرد و ئێستاش پێڕەوانی بەردەوامن!.

چوارەم/ پۆپەر بەرهەڵستکاری مۆرکی چینایەتی خەباتی سیاسی حزبە شیوعییەکان دەکات و لەو باوەڕەدایە کە متمانەدەکاتە سەر تاکایەتی (Monism)تیۆری مارکسیزم، بۆیە لەبری ئەمە میتۆدی فرەگەرایی (Pluralistic) تاقیکردنەوە و هەڵە – التجربة والخطأ))دەخاتەڕوو، کە متمانە دەکاتە سەر گفتوگۆی بێکۆتایی و رەتکردنەوەی بەردەوام، کە ئەمەش لەدەرەنجامدا رێگە نادات بە هیچ شێوەیەک یەکێتی گفتار وکردار بێتەدی.


بە شێوەیەکی گشتی پێویستە ددان بەوەدا بنێین کە هەر تیۆرێکی ئەزموونگەرای زانستی مەرج نییە هەموو رووداوەکان لەگەڵیدا کۆك بن، بەڵام ئەمە پاساودەری ئەو بەرەنجامەی پۆپەر نییە کە دەڵێ: تیۆری زانستی چەندە بەدرۆبخرێتەوە ئەو هێندە زانستییە، واتە پۆپەر بە درۆخستنەوە دەکاتە پێودانگێکی بنبڕ بۆ زانستیبوونی تێۆرە زانستییەکان. بۆ نموونە تیۆری رێژەیی(النظرية النسبية) خودی میکانیکای کلاسیکی بەدرۆنەخستەوە ئەگەرچی لە هەندێ یاسا و رووداوەکانیدا ئەو بۆچوونانەی لەباربرد کە پێیان وابوو تیۆری میکانیکای کلاسیکی تیۆرێکی گشتگیرە و سەراپا دروستە.

پۆپەر ددانی بەوە ناوە کە لەسەر ئاستی مەعریفەی ئاساییدا خەڵك دەتوانن دەرك بە هەندێ راستی کردەیی بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا جەختی لێکردۆتەوە کە ئەم جۆرە راستییانە هیچ پەیوەندییەکیان بە ناوەڕۆکی زانستەوە نییە، چونکە بە باوەڕی وی زانست تەنێ مامەڵە لە گەڵ تیۆرەکاندا دەکات و تیۆرەکانیش بۆیان هەیە هەمیشە

دووچاری هەڵە ببن ، بەرەنجام هەمیشە رووبەڕووی رەخنە و رەتکردنەوە دێن و باشترین تیۆریش ئەو تیۆرەیە کە رەتبکرێتەوە ( واتە بەدرۆبخرێتەوە)، چونکە لەو حاڵەتەدا شوێن بۆ تیۆرێکی دیکە چۆڵدەکات، بەمشێوەیەش زانست دەتوانێ بێکۆتایی بەرەو پێش هەنگاوبنێ. پۆپەر پشت بەستنی دیالێکتیکی مارکسیزم بە رێژەیی بوونی مەعریفەی زانستی دەشێوێنێ تا پێمان بڵێ رەتکردنەوەی هەرتیۆرێك چاکترە لە سەلماندنی، لەم روانگەیەشەوە دەیەوێ ئەوەمان پێرابگەیەنێ کە سەرجەم مەعریفەی زانستی مۆرکێکی گریمانەیی و تیۆری هەیە و جیاوازە لەگەڵ مەعریفەی ماددیدا.

ئەم تێڕوانینەی پۆپەر لەمەڕ رێژەیی بوونی مەعریفەی زانستی سەرتاپا هەڵەیە، چونکە زۆر دوورە لە رەچاوکردنی پەیوەندی دیالێکتیکیانەی نێوان (راستی رەها) و (راستی رێژەیی) و هیچ کاتێکیش رێژەیی بوونی مەعریفە لەگەڵ بابەتی بوونی مەعریفەدا دژبەر و ناکۆك نەبووە. لە راستیدا هیچ تیۆرێکی زانستی ناتوانێ بە شێوەیەکی گشتیگیر و رەها ئەو دیاردەیەی کە لێیدەکۆڵێتەوە لەهەموو لایەنەکانیدا داپۆشێ یان تاکۆتایی رەتیکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە سیماو یاسا بابەتییەکانی دیاردەکە ئاشکرا دەکات .

پۆپەر تیۆرەکەی خۆی لەمەڕ نەشونماکردنی مەعریفەی زانستی بەمشێوەیەی خوارەوە رووندەکاتەوە:




لەم تابلۆیەی سەرەوەدا ( P1) هێمای کێشە بەراییەکەیە، (TT)تیۆرە ئامادەکراوەکەیە کە چەند تیۆرێکی وەکو (TT1,TT2,TT3) پێشنیاردەکات،( EE) پرۆسەی گفتوگۆکردنی رەخنەگرانەی ئەو تیۆرانەیە و ئەوەی هەڵەبێت بەلاوە دەنرێ، ( P2) ئەو کێشە تازەیەیە کە دوای رەتکردنەوەی تیۆرە ئامادەکراوەکە سەرهەڵدەدات. بەمشێوەیەش بەقسەی پۆپەر " زانست بەکێشە دەستپێدەکا و بەکێشەش کۆتایی دێت". بڕوانە . (The philosophy of Karl poper, Vol.I, P.105.) بەپێی ئەو تیۆرەی پۆپەر بێت کێشەکان، بەکێشە زانستییەکانیشەوە، هەمیشە مۆرکێکی تیۆرییان هەیە. تیۆرەکانیش بەشبەحاڵی خۆیان دەشێ وایان لێحاڵی بین کە چارەسەری بەرایی کێشەکەن و هیچیتر. لە لایەکی دیدا وەك لەو وێنەی سەرەوە روون دەبێتەوە پۆپەر تێوری زانستی و گریمانەکان تێکەڵاوی یەکتر دەکات کە بەشێوەی( TT1.TT2.TT3) دەیانخاتەڕوو، واتە تی تی 1، تی تی 2، تی تی 3 دەشێ لە چوارچێوەی یەك تیۆری زانستیدا چەند گریمانەیەك بن پتر لەوەی چەند تیۆرێکی زانستی سەربەخۆ بن.

پۆپەر بە پێی میتۆدی( تاقیکردنەوەو هەڵە)لە بواری کۆمەڵایەتیدا باوەڕی بە گۆڕانکاری بەرەبەرەیی و چاکسازی سووکی هەڵەکان هەیە، بە مەرجێ هەموو

چاکسازی و گۆڕانەکان لە چوارچێوەی خودی سیستەمی سەرمایەداریدا بن، بۆیە هیچ سەیر نییە بۆچوونەکانی لەو کاتدا ببنە چەکێکی ئایدیۆلۆژی بەدەستی هێزە سیاسییە پارێزکارەکان و لە نێو باڵی راستڕەوی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیای یەکگرتوو و حزبی کرێکارانی بەریتانیادا برەوێکی تایبەتیان هەبێ. کەواتە دەشێ بڵێین ئاوەزگەرییە رەخنەگرانەکەی پۆپەر لە هەڵوێستی رەخنەگرانە لە سیستەمی سەرمایەداری زۆر دوورە، چونکە ئەو سیستەمی سەرمایەداری بە نموونەیەکی رەهای رێکخستنی ئاوەزگەرییانەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەژماردەکا و ئاراستەی رەخنەگرانەی تیۆرەکەشی تەنها ئامانجی پێکان و دژایەتیکردن و شێواندنی مارکسیزمە و مەبەستیەتی گومان بخاتە سەر زانستیبوونی مارکسیزم .

## هۆکارەکانی شکستی ئەزموونەکەی سۆڤیەت

بەر لەوەی بچینە نێو وردەکارییەکانی هەر سێ تەوەری ئەم کتێبە بەپێویستی دەزانم تیشکێك بخەینە سەر هۆکارەکانی شکستی ئەزموونەکەی سۆڤیەت.
هەڵبەتە زۆرانێك لە دوژمنان و نەیارانی مارکسیزم تا ئەمێستاکە بە ئاگاییەوە بێ یا نائاگایی، بە زانینەوە بێ یا نەزانی، شکستی ئەزموونەکەی سۆڤیەت بەشکستی خودی مارکسیزم لە قەڵەم دەدەن، ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوبوو، ئەگەرچی بەشبەحاڵی خۆم لەوباوەڕەدام لە سۆڤیەتدا ئەزموونێك نەبوو بەناوی سۆسیالیزم تا لە روانگەی فەلسەفەی مارکسییەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێ وکەموکوڕییەکانی بخرێنەڕوو، لەوێدا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 بە سەرکردایەتی (لینین) هەوڵێکی جیددی لەلایەن کۆمەڵێك لە بیرمەندانەوە هەبوو بەئاراستەی بنیاتنانی سۆسیالیزم بێئەوەی هێشتا زەمینەی ئابووری و پیشەسازی و زانستەکان و تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان کاریان کردبێتە سەر گۆڕینی سروشتی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئامادەیان کردبن بەو شێوە پێشکەوتووەی کە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی دەیخوازێ. کۆمەڵگەی سەرمایەداریی دواکەوتووی روسیا و دواتریش کۆمارە یەکگرتووەکانی سۆڤیەت(1922) لەم رووەوە ئامادەی بنیاتنانی سۆسیالیزم نەبوون تا بەو ئەزموونەی ئەوێ بڵێین سۆسیالیستی وئۆباڵی هەموو هەڵەکانی ئەوێش بخەینە ئەستۆی مارکسیزم. ئەوەی لەوێدا کرا بەتایبەتیش هەوڵەکانی لینین بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزم لە یەکێ لە ئەلقە لاوازەکانی سەرمایەداری جیهانیدا، وێرای کەموکوڕییەکان کە هۆکاری جیاجۆری بابەتی و زاتی ناوخۆیی و دەرەکییان لەپشت بوو، هەوڵێکی خەون ئامێز بوو بەرەو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بەرزەی کە مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو خەونی پێوەدەبینێ.
هەلومەرجی نێودەوڵەتی ئەوکات و ئابلۆقەدانی ئەو ئەزموونە ساوایە لە لایەن وڵاتانی سەرمایەداری خۆرئاواوە،لە هەلومەرجی بەردەستی بابەتی نێوخۆی روسیا و دواتریش

کۆماره یەکگرتووەکانی سۆڤیەتدا، کۆمەڵێك ئاستەنگی لەبەردەم ئەزموونەکەدا قووتکردەوە کە پتر پەیوەندییان بەئاستی گەشەگردن و شێوازی بەرهەمهێنانەوە هەبوو بە جۆرێك رێگربوون لە بەردەم گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانی ئەو ئاستە هوشیارییە کۆمەڵایەتییەی کە دواتر کاریگەری بەرچاوی بەسەر تەواوی رەوتی ئەزموونەکەدا دەبێت. ئەزموونەکە وێرای کوموکوڕییەکانی چەند توخمێکی سوسیالیستیانەی هێنایە ئارا کە لە بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

بە هەر حاڵ دارمانی ئەو ئەزموونە دەرفەتێکی زێرین بوو تا سەرجەم نەیارەکانی مارکسیزم سوورتر بن لە سەر راگەیاندنی شکستهێنانی مارکسیزم و دواتر رایبگەیەنن کە ئەمە کۆتایی مێژووە و لەجاران دوژمنکارانەترو سەرسەختانەتر دژایەتی ئەم فەلسەفە مرۆڤ دۆستە بکەن .

ئەنگڵس لە وتارەکەیدا لە سەر گۆڕی مارکس دەڵێ: "مارکس پیاوی زانست بوو، زانست لای مارکس جووڵەیەکی دینامیکی- مێژوویی و هێزێکی شۆڕشگێڕە، زۆر دڵخۆشیش دەبوو بە هەر دۆزینەوەیەکی نوێ لە بواری زانستە تیۆرییەکاندا... دڵخۆشتریش دەبوو کاتێك دۆزینەوە نوێیەکە گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانەی راستەوخۆی لە بواری پیشەسازی و پێشکەوتنی مێژوویی بەگشتی بهێنایەتەدی". ئەمەش دەیسەلمێنێ کە مارکس هیچ کاتێك باوەڕی بەوە نەبوو پێداگری لە سەر بۆچوونەکانی پێشتری بکات، ئەگەر هەر کاتێك بۆی دەرکەوتایە کە بزاڤ و جوڵەی مێژوو پێچەوانەی بۆچوونەکانی دەسەلمێنن، ئەوا هەر زوو لەبەر رۆشنایی رووداوەکان و جموجۆڵی بابەتییانەی بەردەستدا دەستکاری بۆچوون و تێزە هزری و فەلسەفییەکانی دەکرد و بەزیندوویی دایدەڕشتنەوە .

تیۆری زانستیی مارکسیزم لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەر لە هەر شتێك تیۆری گۆڕانی بەردەوام وهەمیشەییە نەك دۆگماو چەقبەستن، کە ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی هەمیشە نەیارە جیاجیاکانی مارکسیزم دەخاتە دڵەڕاوکێ و هەناسە سوارییەوە، بە واتایەکی مارکسیزم دیکە تیۆرێکە ئۆقرە ناگرێ و لەرێگەی خوێندنەوەو شیکردنەوەی زانستییانەی دەرهاویشتە و جووڵە تازەکانی واقعی بابەتی بەردەستدا هەوڵی گۆڕینی دیاردە دزێوەکانی نێو کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەدات، نەك لە رێگەی ئەبستراکتی دەقە نووسراوەکان.

وەك رۆشنە دوای هەرەسهێنانی ئەزموونەکەی سۆڤیەت بیروڕای جیاواز و هەمەجۆر ئاشکراتر لە جاران هاتنەئارا و بە شێوازی جیا باسیان لە هۆکارەکانی ئەو شکستە کردووە، کە پێشتر لەسایەی بە دۆگماکردنی مارکسیزم و ناوەندێتی سۆڤیەتدا باسکردنیان ئاستەم بوو، یان بە خیانەت و لادان لە هزری مارکسی ئەژماردەکران (هەڵبەت مارکسیزمی ستالینی)، بە بۆچوونی زۆرانێك لە شارەزایانی هزر و فەلسەفەی مارکسی شکستی ئەزموونەکەی سۆڤیەت چەند هۆکارێکی جیاجۆری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری لەپشت بوو لەوانەش بە شێوەیەکی گشتی:

یەکەم: "هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی دامەزراندن (الجمعیە التأسیسیة) دوای چەند مانگێك لە دەسەڵات گرتنە دەستی بەلشەفییەکان و پەنابردنە بەر شێوازی حوکمی شوراکان گرنگیەکی ئێجگاری هەبوو لە دەستنیشانکردنی دواتری سیماکانی سیستەمی سیاسی و مافەکی لە یەکێتی سۆڤیەت و بەهەمان شێوەش لە داچەقاندنی ریشەی ئیشکالیەتی دیموکراسی لە سیستەمی سۆسیالیستی سۆڤیەتدا، ئەگەرچی (لینین)زوو جەختی لێکردەوە کە ئەم هەڵوەشاندنەوەیە پەیوەست بووە بە تایبەتمەندێتی و نائاسایی بوونی هەلومەرجی ئەوکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بووە هۆی بێبەشکردنی وەبەرهێنەران لە مافەکانی هەڵبژاردن و دواتریش وەك رێسایەکی گشتی فۆڕمی دەوڵەتی لێهات لە یەکێتی سۆڤیەت و سەرجەم ئەو وڵاتانەی هەمان رێچکەیان گرتبووەبەر، هەر ئەمەش دواتر بووە هۆکارێك بۆ بەتاڵکردنی ئەنجومەنی شورا کرێکارییەکان لە سیماکانی دیموکراسی راستەوخۆ، کە شێوازێکی پێشکەوتووی بەشداری و مومارەسەکردنی دیموکراسی بوو لە لایەن جەماوەری بەرهەمهێنەرەوە، دەرەنجام شورا کرێکارییەکان لە جیاتی رێنمایی و ئاراستەبکرێن ئاوێتە و ملکەچی دەوڵەت کران ".(بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی هەشتەمی حزبی شیوعی عێراق ل164-168)

دووەم: "چڕکردنەوەی هێزی ئابووری لە دەستی دەوڵەت، کە لە سایەی سیستەمی (کۆمۆنیزمی جەنگ)دا سەقامگیرتر کرا، لەگەڵ پاشەکشە و لاوازبوونی رۆڵی سەربەخۆی شوراکان و سەندیکاکان و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بوونە هۆی نەشونماکردنی هێزی بیرۆکراسیەت و بەرەبەرە کۆنترۆڵی سامانە ماددی و گیانییەکانیش کەوتە دەست توێژێك لە بەرپرسانی دەوڵەت". (بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی هەشتەمی حزبی شیوعی عێراق ل164-168)

سێیەم: " دوورخستنەوەی کرێکاران لە خاوەندارێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان"، ئەگەرچی ئەو دوورخستنەوەیە بەدانپێدانانی زۆرانێك لەوانەی لە نێو خودی سۆڤیەتدا رەخنەی توندیان لە سیستەمەکە هەبوو، وەك ئەوەنەبووە کە لە هەلومەرجی خاوەندارێتی تایبەتدا (لە سەرمایەداریدا)روودەدات، بەڵام " وێڕای ئەمەش کرێکاران خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان نەبوون، بۆیە بەهی خۆیانیان نەدەزانی و بەشێوەیەکی زیانبەخش بەکاریان دەهێنان".(پاڤێل بۆنیتش/ چ سیستەمێکمان بنیاتنا؟/ رۆژنامەی انباء موسکو/1990 وەرگێڕانی محەمەدی مشیر)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شێوازی سەرمایەداری دەوڵەت یان شێوازی مۆنۆپۆلکارانەی دەوڵەت شوێنی مولکایەتی تایبەتی سەرمایەداری گرتەوە، کەچی لە سایەی سیستەمی سۆسیالیستیدا پێویستە شێوازی مۆڵکایەتی گشتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان شوێنی شێوازی مۆڵکایەتی تایبەتی سەرمایەداری بگرێتەوە، بەمشێوەیەش رۆڵی ئابوورییانەی دەوڵەت رۆڵێکی ناوەندی نابێ، بەڵکو ئەم ناوەندێتییە بەرەبەرە کز و لاواز دەبێ و رێگا بۆ کەرتەکانی دیکەی ئابووری خۆشدەکات تا رۆڵی خۆیان ببینن .

چوارەم: "پەیوەندیەکانی ( کاڵا – دراو) لە رووی پرانسیپەوە زیانێکی زۆریان گەیاندو ، پێویست بوو لە رەگەوە هەڵکێشرێن ...، کە لە قۆناغی سیاسەتی تازەی ئابووری " نیپ "دا جێبەجێ دەکران. جا مرۆڤ لەم جۆرە سیستەمەدا، کە لە ناوەندەوە ئاڕاستە دەکرێت، وەك ئامێر وایە، چونکە بە تەواوەتی لە سەربەخۆیی ئابووری، واتە لە بنچینەی رەفتاری ئابووری و سیاسی ئازادانە، بێبەشە. هەر لە سایەی ئەم سیستەمەشدا – واتە لە سایەی نیپ دا – داواکاریەکان ( طلب) خستنەڕوویان (عرض) دەهێنایە کایە .توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵیش ، بە تایبەتی جەماوەری هەژاران ، کە چاویان بڕیبووە خێرو بێری ئەم سیستەمە ، هیچ رۆڵێکیان لە خولقاندنیدا نەبوو... ]دەرەنجام[ ... سەرکردەکانی رژێم و دەزگای چاودێران و خەڵکانی سەر بە رژێمیش لەو نێوانەدا، ئەنجامی وەلاخستنی بەشێکی زێدە بەرهەم ( فائض الانتاج ) ، لە خەڵکەکە باشتر دەژیان ". (پاڤێل بۆنیتش – چ سیستەمێکمان بنیاتنا؟)

پێنجەم: بە کلێشەکردن و پیرۆز راگرتنی مارکسیزم لەجیاتی دەوڵەمەندکردن و تازەکردنەوەی لەبەر رۆشنایی گۆڕان و گەشەکردنەکانی سەردەم بە پێی میتۆدی زانستییانەی خودی مارکسیزم کە تا سەرئێسقان دژی دۆگماتیزمە، سەرەتاکانی ئەم پیرۆز راگرتن و بەکلێشەکردنەش بە شێوەیەکی تایبەت بۆ سەردەمی تاکڕەوایەتی و عەسکەرتاریەتی ستالین دەگەڕێنەوە، کە "لەو باوەڕەدا بوو بنەمای ئابووری سۆسیالیستی لە سۆڤیەتدا، لە ئەنجامی پیادەکردنی یەکەمین پلانی پێنجینەدا (الخطة الخمسية)، چەسپیووە . هەر ئەویش بوو دەیگوت سیستەمی سۆسیالیستی سەرکەوتنی تەواوی بە دەست هێناوە، بۆیە ساڵی 1936 بە رەسمی کرایە مێژووی لە دایك بوونی سۆسیالیزم ".(پاڤێل بۆنیتش – چ سیستەمێکمان بنیاتنا)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ستالین پێیوابوو دەکرێ بە بڕیارێکی سەرو دامەزراندنی سۆسیالیزم رابگەیەندرێ بێئەوەی دیراسەی وردی ریاڵی بابەتی ئەو کاتی کۆمەڵگەی سۆڤیەت و ئاست و رێژەی گەشەکردنەکان رەچاوبکات، یا رێگە بۆ تیۆریسیان و بیرمەندان و ئابووریناسان خۆش بکات تا لە نزیکەوە دیراسەی ئەم واقعە بکەن و ئینجا بڕیاربدەن کە ئەوان لە کوێوەی سۆسیالیزمن.

شەشەم: لەسایەی(نیپ)دا " کۆکردنەوەی زۆرەملێیانەی زەوی و جووتیاران لە گەڵ بەپیشەسازیکردنی پەلەلێکراو و پلانی گشتگیر کە لە رادەبەدەر ناوەندی بوو، زەمینەیان خۆشکرد تا دەسەڵاتی بڕیار تەنها لە دەستی سەرکردایەتی حزبی شیوعی جێگیربێت کە لەوەتەی ساڵی 1922 ەوە ببووە تاکە حزبی دەسەڵات. ئەمەش پەیوەست بوو بە نەمانی رۆڵی دامەزراوەکان و ئەو ژێرخانانەی کە کۆنترۆڵی حزبیان بەسەرەوە نەبوو، دەرەنجام حزب بە شێوەیەکی خێرا بووە کاکڵی دەوڵەت، لەمەشدا بەلشەفییەکان ناچاربوون بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێداویستییەکانی شەڕی ناوخۆ و پاراستنی دەسەڵاتی ساوای سۆسیالیزم پەنا ببەنە بەر توندوتیژی تا هێزەکانی چەواشەکاری کە لە دەرەوەڕا پشتیوانیان لێدەکرا سەرکوت بکەن، سەرەنجام رۆڵی دامەزراوەی سەربازی پەرەیسەندو دەزگای تایبەت بە داکۆکیکردن لە ئاسایشی شۆڕش، وەکو لیژنەی باری

هەڵاویژی(اللجنة الاستثنائیة)، سەریانهەڵدا و دەسەڵاتی لە رادەبەدەریشیان کەوتەدەست و رۆڵی سیاسی بڕیاردراوی سۆڤیەتەکانیش بووە سەراب و مەیلی تاکڕەوی کەسایەتی ستالین سەریهەڵدا ".(بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی هەشتەمی حزبی شیوعی عێراق ل164-168)

حەفتەم: فاکتەری دەرەکی کە لە سیاسەتی ئابلۆقەدانی ئەزموونەکە لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری و بازرگانی و سیاسی و پڕوپاگەندەی دوژمنکارانەی سیستەمی سەرمایەداری بەرجەستە دەبێت، کاریگەری زۆر نەرێنی هەبوو لە سەر سەرجەم هەنگاوەکانی دواتری سەرکردەکانی سۆڤیەت و سەرەنجام سۆڤیەت هەر لە سەردەمی ستالینەوە بگرە تا گۆرباتشۆف( وێرای جیاوازییەکانیان)، دواکەوتنێکی بەرچاوی لە بواری پێشکەوتن و گەشەکردنی زانست وتەکنەلۆژی بەخۆوە بینی، دەرەنجام ئابووری سۆڤیەت هەر وەك خودی گۆرباتشۆف لە لاپەڕە 33 ی کتێبی (حول مهمات الحزب فی ادارة الاقتصاد جذریا) دەڵێ:" لە کاتێکدا کە وڵاتانی خۆرئاوا بە شێوەیەکی بەرفراوان و بە پشت بەستن بە فەراهەمکردنی کەرەستەکان و بەکارهێنانی تازەترین تەکنۆلۆژیا و دەسکەوتەکانی دیکەدا گۆڕانیان بەسەر بونیادی ئابووری خۆیاندا هێنا، لای ئێمە پێشکەوتنی زانستی- تەکنۆلۆژی راوەستابوو."

هەشتەم: لە لایەنی سیاسییەوە دەسەڵاتی ناوەندیی تاکە حزب بەری بە دیموکراسیەت گرتبوو، ماف و ئازادییە مەدەنی و یاسایی و کەسێتی و ئایینییەکان سنووردارکرابوون و هەر کەسێکیش لە دەرەوەی حزبی شیوعی بۆچوونی جیاوازی هەبووایە بە توندی سەرکوت دەکرا، ئەمەش وایکردبوو کە سیستەمێکی بەندەوازە لە سۆڤیەتدا بە پتەوی جێ پێی خۆی قایم بکات، بە تایبەتیش لە سەردەمی ستالیندا کە هەزاران مرۆڤ لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی کاردا وەك کۆیلە رەفتاریان لە گەڵدا کرا و بوونە قوربانی ئەو سیستەمە .

ئەمانەی سەرەوە چەند خاڵێکی بنەڕەتی و گشتین کە پێ بە پێی گۆڕانی هەلومەرجی ناوخۆی سۆڤیەت و بارودۆخی نیودەوڵەتی کاریگەری بەرچاویان هەبووە بەسەر شکستی ئەزموونەکەی سۆڤیەتدا کە تا ئەمێستاکەش مشتومڕ و گفتوگۆی زیاتر بەخۆوە دەگرن.

## (تەوەری یەکەم)

## زانست و هزری فەلسەفی لە روانگەی پۆپەرەوە

"زانست بنکەیەکی بەردینی پتەوی نییە،بونیادە بوێرەکانی تیۆرەکەی متمانەدەکەنەسەر زۆنگاوێك، زانست وەك ئەو بینایەیە کە لە سەر چەند کۆڵەگەیەك وەستاوە و کۆڵەگەکانیشی رۆچوونەتە نێو ئەو زۆنگاوە بێئەوەی بە بنکەیەکی سروشتی یان " دەرهاوێشتەیەك" لە دەرهاوێشەکانەوە لکابن. ئەگەر وازیش بهێنین لە داچەقاندنی زیاتری ئەو کۆڵەگانە، ئەمە لەبەرئەوەنییە کە ئێمە بڕوامان وایە هێندە پتەون ودەتوانن لایەنی کەم بەشێوەیەکی کاتی ئەو بینایە رابگرن"(1)
ئەمەی سەرەوە بۆچوونی کارڵ پۆپەرە لەمەڕ زانست، ئەو لەوباوەڕدایە کە هەموو زانست و ئەزموونە زانستییەکان بەدرێژایی مێژوو وەك ئەو بینایە لەرزۆك و بێ بنەمایەن کە کۆڵەگەکانی رۆچوونەتە نێو زۆنگاوێك، زۆنگاوێك کە هیچ کۆڵەگەیەك ناتوانێ تێیدا بگاتە بنی بنەوەیی وبچەسپێ، هەر هەوڵدانێکی زێتریش بۆ داچەقاندنی خودی ئەو کۆڵەگانەی کە پێیەکانی زانست بە زەمینەوە دەچەسپێنن کارێکی بێهودەیە، چونکە بەبۆچوونی پۆپەر دەبێ ئێمە لەو باوەڕەدابین کە ئەو پێیانەی زانست هێندە پتەونین تا بتوانن بە شێوەیەکی کاتیش بێت ماڵی زانست لە داتەپین بپارێزن. ئەم بێ بنەماکردنەی زانست لە لایەن پۆپەرەوە کارێکە جگە لە لاوازکردنی باوەڕی مرۆڤایەتی بە زانستەکان هیچ ئاکامێکی دیکەی لێناکەوێتەوە. زۆنگاو شوێنێکە کەمتر بیناو ماڵی تێدا دروستدەکرێ، گەر مرۆ ناچاریش نەبێت پەنا بۆ زۆنگاو نابات، بەڵام پۆپەر لەبەر رەشبینی و بێ باوەڕی بە زانست، سەرباری ئەو هەموو وشکانییە ماڵی زانست دەباتە نێو زۆنگاو و لەوێدا دروستی دەکات. ئەو هەڵوێستە ئەنتی زانستەی پۆپەر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە خۆی خاوەنی تیۆری بەدرۆخستنەوەیە ((نظرية التكذيب أو قابلية التكذيب- Faillibilism ))، بۆیە مرۆڤ بەپێی بۆچوونەکانی پۆپەر بوونەوەرێکی بێتوانایە ولەرێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوە زانستییەکانی ناگاتە ئەو ئاستە کە راڤەی دیاردەو رووداوەکانی سروشت بکات، یان لەو بنکە سروشتییەی ئەو مەبەستیەتی بگات، چونکە هەموو دیاردەکان تەنها وێنایەکن لەدەرەوەی ئاوەزی مرۆڤ و کە لێیان نزیکدەبێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە تەنها گوزارە لە شێوەی دەرەکی ماهیەتێك دەکەن و ناگەنە ناوەڕۆکی ئەو ماهیەتە، ئەمەش بە بۆچوونی پۆپەر مرۆ ناچار دەکات کە بۆ تێگەیشتن لە راستی ئەو ماهیەتەی کە پۆپەر مەبەستیەتی تاقیکردنەوەی تازە ئەنجامبدات تا چەند دەرەنجامێکی تاقیکردنەوە زانستییەکانی پێشتری خۆی بەدرۆ بخاتەوە و بگاتە راستییەکی دیکەی ناکامڵ، بەو شێوەیەش مرۆڤ دەکەوێتە گێژەنگێکی بەردەوام کە دەربازبوونی ئاستەمە، بەڵکو هەر نییە، چونکە هەرگیز ناگاتە راستی.

بەپێی ئەو قسەیەی پۆپەر بێت ئەوە زانست نییە کە سەلماندوویەتی زەوی بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە و شەو و ڕۆژ پێکدێنێت،ئەوە زانست نییە کە مرۆڤی گەیاندە ناو مانگ و هەسارەکان، ئەمەشیان زانست نییە کە سەلماندوویەتی نەبووە(عدم) جگە لە نەبووە هیچیتر ناهێنێتە بەرهەم، ئەوە تاقیکردنەوە زانستییەکانی مرۆڤ نین کە سەلماندوویانە مرۆڤ لە ئەمریکاوە دەتوانێ بەهۆی بێتەلێك یان موبایلێك لە گەڵ هاوڕێیەکی لە سوماڵ یا ئوسترالیا قسەبکات ، بەڵکو هەموو ئەمانە شتی پووچن و پێگەکانیان بە لەرزۆکی لە نێو زۆنگاودایە، لە خەیاڵی پۆپەریشدا نەبێت لەهیچ شوێنێکی دیکە بوونیان نییە، هەڵبەت بەرهەمی پووچییش هەر پووچییە.
بەپێی پۆپەر نابێ (تیۆری زانین – نظرية المعرفة)تێڕوانینێکی گەشبینانەی هەبێ، واتە نابێ باوەڕی بەوە هەبێ کە مرۆڤ لە ڕێگەی تواناکانییەوە دەتوانێ لە جیهان بگات، نابێ ڕەشبینیش بێ بەشێوەیەك کە هیچ توانایەکی زانینی نەبێ، بەڵام زیاتر لایەنگری باری ڕەشبینیەکە دەکات، چونکە بەڕای ئەو" دەرککردنی سوکرات لە بارەی نەزانینمان... واتایەکی مەزنی هەیە"(2)، مەبەستی سوکرات لەم وتەیەی پۆپەر بەنموونە دەیهێنێتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ سنووری زانیارییە زانستییەکانی خۆی لە هەردوو ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە بزانێ کارێکی هۆشمەندانەیە، کەس نکۆڵی لەم کارە باشە ناکات، چونکە ڕێژەی زانین لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکی دی جیاوازە و مەرج نییە مرۆڤەکان هەمان ڕێژەی زانیاری و زانینیان هەبێ، بەڵام ئەمە وای لە پۆپەر کردووە گومان لە تواناکانی مرۆڤ و هەموو ڕاستییە زانستییەکان بکاو جگە لە بۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی بۆچوونی زۆربەی فەیلەسوفان و بیرمەندانی بەرلەخۆی ڕەتبکاتەوە و بەهیچیان بزانێ .
یەکێ لەو تیۆرانەی پۆپەر، کەپێشتر ئاماژەم بۆ کرد و لایەنگرانی بە داهێنانێکی مەزنی دەزانن تیۆری بەدرۆخستنەوەیە ((نظرية التكذيب أو قابلية التكذيب- Faillibilisme)) پۆپەر بەپێی ئەو تیۆرەو لە کتێبی(کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی) کە تێیدا ڕەخنەی توند لە ئەفلاتۆن و سوکرات و مارکس و..تاد، دەگرێ، لەو باوەڕەدایە کە ئەفلاتۆن" بە هەڵپەوە هێرش دەکاتە سەر بیری ئازاد و بۆ گەیشتنی بە ڕاستی داکۆکی لەدرۆ، لە موعجیزەی سیاسی، لە حەرامکراوەکان، لە پچڕینەوەی هەقیقەت و لە کۆتاییشدا لە توندوتیژی دڕندانە دەکات"(3)، هەموو ئەو (خاڵە لاواز و نێگەتیڤانە) دوور لەڕەوتی مێژوویی و جیاوازی سەردەمی ئەفلاتۆن لە گەڵ سەردەمەکەی خۆی دەداتە پاڵ ئەفلاتۆن تەنها بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە تیۆر و بۆچوونەکانی خۆی لێوانلێو دروستن، بەڵام لەبیریدەچێتەوە کە خۆی بە شێوەیەکی زۆر نازانستی تر و لە سەردەمێکی گەلێ جیاوازتر دەکەوێتە هەمان ئەو سەنگەرەی کە دەیەوێ ئەفلاتۆنی تێبهاوێژێ، (ئەگەرچی لە هەندێ لایەنیشدا ڕاستبکات!)، چونکێ پۆپەر بەهیچ شێوەیەك باوەڕی بەوە نییە کە زانست دەتوانێ مرۆڤ بگەیەنێتە ڕاستییەکی چەسپاو، ئەو موعجیزە سیاسییانەی کە خۆی لە هەموو فەیلەسوفێك پتر باوەڕی پێیان هەیە لیبراڵیزمی وەحشیگەر و ئابووری بازاڕە، لە بارەی درۆشەوە نکۆڵی لە سادەترین

راستی زانستی دەکات، چونکە پەیوەندی دیالیکتیکیانەی نێوان پیسبوونی ژینگە و بەپیشەسازیکردن رەتدەکاتەوەو لەمبارەیەوە دەڵێ:" ئاستی نارەزایەتی رۆشنبیران بەرزبۆتەوە بەوەی ئەو سەردەمە شەرانگێزەمان، ئەو کۆمەڵگەیەمان، ئەو ژیاریی و ژینگەیەی کە هەمانە ریسوادەکەن، ئەوان بە شێوەیەکی نائاوەزەکییانە زێدەگۆیی دەکەن لە بارەی وێرانبوون و پیسپوونی ژینگەوە،کە لە پێناوی کەڵەکەکردنی پارە ئەنجاممان داون"(4). ئەمە لە لایەکیان پاساو هێنانەوەیەکی فرە ماکیاڤیلییانەی دژە مرۆڤانەیە کاتێ لە پێناوی کەڵەکەکردنی سامان و سەرمایەدا پەنا بەریتە بەر هەموو شێوازێکی نادروست و نارەوا و تەواوی سەرچاوەکانی سروشت لە راژەی ئامانجێکی نامرۆڤانە و لە سەر بنەمای تێرکردنی پێداویستییەکانی بە پیشەسازیکردنێکی درندانەو وەدەستهێنانی قازانجی زیادتر بەکاربەریت، لە لایەکی دیکەشدا رێك بەرجەستەکردنێکی روون و ئاشکرای هەمان ئەو توندوتیژییە درندانەیە کە ئەفلاتۆنی پێ تاوانباردەکات و رق و توندوتیژی پۆپەر دەسەلمێنێ بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی رەخنە لە بۆچوون و تیۆرەکانی دەگرن و لەو باوەرەدان کە بەپیشەسازیکردن - هەروەك سەرجەم ژینگەناسان سەلماندوویانە- هۆکاری سەرەکی پیسبوونی ژینگەیە و مرۆڤایەتی دووچاری قەیرانی ترسناك کردۆتەوە. هەموو ناراستن تەنها پۆپەر نەبێ!

پۆپەر لەم قسەیەی سەروەیدا لە سەلماندنی ئاوەزەکی دەترسێ، چونکە پێی وانییە تیۆری بەدرۆخستنەوەش، کە بە تیۆرێکی راست و رەهای دەزانێ، دەشێ بەدرۆبخرێتەوە، ئەو لەو باوەرەدایە کە ئەفلاتونیش وەك خۆی " هیچ باوەری بە مرۆڤ نەبووە و لە سەلماندنی ئاوەزەکی ترساوە و وێرای رقی لە ستەمکاری پێیوابووە دەشێ ستەمکاری ببێتە یارمەتیدەرێك و داکۆکی لە رێوشوێنی ستەمکارانەتر کردووە"(5)، کەچی لەکتێبی( کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی) کەپێرەوانی بە مانیڤیستۆی لیبرالیزمی دەزانن، پۆپەر کە خۆی بە دژە ستەمکاری و گرمۆڵەبوونی دژ بە کرانەوەی دیموکراسی دەزانێ، دووچاری شۆکمان دەکات کاتێ دەبینین داکۆکی لە دەستەبژێری و نەژادسالاری دەکا و دەڵێ:" دەمەوێ گوزارشت لە قەناعەتی خۆم بکەم و بڵێم شکۆمەندی کەسێتی، جاچ نەژادی بێ، یان هزری، یان مۆراڵی، یان پەروەردەیی ناشێ ببێتە پاساو بۆ خواستی ئیمتیازاتی سیاسی، ئەگەرچی ئەو شکۆمەندییە هاتبێتەدی .... خەڵکانێکی زۆر لە وڵاتانی ژیاریی دان بەوەدا دەنێن کە شکۆمەندی نەژادی ئەفسانەیە"(6)، بەڵام بۆ خۆی بەهیچ شێوەیەك ئەم ئەفسانەیە رەتناکاتەوە و ناشیەوێ بەرەنگاری ببێتەوە و پێمان بڵێ کە چۆن ئەفسانەیەکە؟ چونکە ئەو لەو باوەرەدایە کە ئەو شکۆمەندییە لە زەمینەی واقعدا هاتۆتەدی و ناکرێ چاوپۆشی لێبکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ببێتە مایەی دەستەبەرکردنی ئیمتیازاتی سیاسی، بەڵکو ئەو پێیوایە "بەرپرسیاریگەلێکی مۆراڵی دەکەوێتە ئەستۆی شکۆداران، هەمان ئەو گوتارەش بۆ ئەو کەسانەی لەلایەنی زەین و مۆراڵ و فێربوونەوە شکۆداران دروستە "(7)، ئەگەر بەراووردێکی ووردی هەردوو قسەی سەرەوەی پۆپەر بکەین بەدیاردەکەوێت کە پۆپەر هەناسەی کورتە و هەر زوو لە قسەکانیدا

تووشی ناکۆکی و دژبەری دەبێ، لە قسەی یەکەمیدا پێوایە ئەو شکۆمەندییە هاتۆتەدی، لەگەڵ ئەوەشدا شکۆمەندی نەژادی بە ئەفسانە دەزانێ، لە قسەی دووەمیدا بەرپرسیارەتی مۆراڵی دەخاتە ئەستۆی شکۆداران و لە خەڵکی بێشکۆ هەڵاوێردیان دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خودی بەرپرسیارەتی خستنە ئەستۆی شکۆداران واتای ئەوەیە کە باوەڕی بەو شکۆدارییە هەیە نەك بە ئەفسانەی بزانێ، بەڵام ئەو کەسانەی دەیانەوێ پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی پۆپەر بسەلمێنن، بە تایبەتیش ئەوانەی هەموو شێوەکانی جیاکاری لە نێوان مرۆڤەکاندا رەتدەکەنەوە و باوەڕیان بە پرەنسیپی یەکسانی هەیە، بەتوندی لەلایەن پۆپەرەوە هێرشیان دەکرێتە سەر وەك دەڵێ:" لەو باوەڕەدام رای جیاوازی هەندێ لە رۆشنبیران و مۆراڵییەکان جگە لە کەمی جیددیەت لە فێربوونیان هیچی دی ناسەلمێنێ، چونکە(فێربوونیان) نەیتوانیوە هوشیاریان بکاتەوە بەوەی کە توانایان سنووردارەو ریاکارن"(8)

سەیرکەن چۆن و بەچ زمانێکی زبرەوە هێرش دەکاتە سەر سەرجەم ئەوانەی بۆچوونەکانی رەتدەکەنەوە یا رەخنەی لێدەگرن و باوەڕیان بەو ریزبەندییە دژە مرۆییەی پۆپەر نییە(مەبەستم شکۆدارکردنی هەندێك مرۆڤ و بێشکۆکردنی هەندێکی دیکەیە جا هۆکارەکەی هەرچی بێت) چونکە هەموو مرۆڤەکان لای ئەو رۆشنبیر و مۆراڵییانەی کە پۆپەر باسیان دەکات لە ماف و ئەرکدا یەکسانن و نابێ مرۆ لەو باوەڕەدابێ کە کەسانێك یان رەگەزێکی مرۆیی لەوانی دی باڵاتر و بەرزترە، ئەگینا هەموویان بە ناهوشیارو ریاکار و فێرنەبوو لە قەڵەم دەدا.

لێرەدا دەپرسم ئاخۆ لایەنگرانی پۆپەری شۆڕەسوارەکەی نیولیبڕالیزم، کە هێندە خۆیان بە ئازادیخواز و دیموکراسیخواز و مرۆڤ دۆست و دژە جیاکاری دەزانن، ئایا لە پراکتیك و راستیشدا هەر وان؟ ئەوان بەچ هەقێك ئەمەیان قەبووڵە کە مرۆڤێك لە مرۆڤێکی دی باڵاتر و مافدارتر و شکۆدارتربێ؟ ئایا هەر شکۆمەندێتی و بە باڵاتر زانینی رەگەزی ئارییی ئەڵمان نەبوو هیتلەری خستە وێزەی مرۆڤایەتی و ملیۆنان کەس بوونە قوربانی شەڕە نەگریس و وێرانکارەکانی نازیزم؟

ئەو قسانەی سەرەوەی پۆپەر بە دیوێکی دیدا ئەوە دەگەیەنن کە نابێ هەندێ لە رۆشنبیران و مۆراڵییەکان رای جیاوازییان هەبێ، ئەگەر هەشیان بێ ئەوا هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەندێکیان لە وانی دیکەیان جیددیتر بە خۆیانەوە ماندووبوون، ئەمەشیان جیاوازییەکی رێژەیی ئاساییە لە نێوان مرۆڤە رۆشنبیرەکان و تەنانەت نارۆشنبیرەکانیشدا، بەڵام نابێ ئەم جیاوازییە لە ئاستی فێربوونی مرۆڤەکاندا هیچ کاتێك و لە هیچ شوێنێکیش هۆکارێك بێت بۆ جیاکاری لە نێوان مرۆڤەکان. کورتییەکەی پۆپەر دەیەوێ ئەوانیش وەکو خۆی بیربکەنەوە، ئەمەش لە لایەکیان پێشێلکردنی سادەترین بنەمای ئەو دیموکراسیەتەیە کە پۆپەر و هاوەڵەکانی بانگەشەی بۆ دەکەن، لە لایەکی دیکەشدا نکۆڵیکردنێکی ئاشکرایە لە رێژەیی بوونی خودی مەعریفەی مرۆڤایەتی.

وەك پێدەچێ پۆپەر لە ماوەی ژیانیدا هەمیشە دژایەتی بەشی هەرە زۆری فەیلەسوفان و بیرمەندانی بەر لەخۆیی ومیژووی مرۆڤایەتی کردبێت، بە تایبەتیش بیریارو فەیلەسوفە مارکسیستو چەپەکان، بە هەمان شێوەش دوژمنێکی سەرسەختی زانستە دروستەکان و ئاوەزگەرایی پۆزەتیڤیتی بووە، سەرجەم رەخنەکەشی ئاراستەی بنەمای بنەڕەتی میتۆدی دۆزینەوەی زانستی(منهج الکشف العلمی) کردووە و لەو باوەڕەدا بووە کە مرۆڤ ناتوانێ لە رێگەی دۆزینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستیدا بگاتە راستییە زانستییەکان، لەمبارەیەشەوە هەروەکو لە پێشدا ئاماژەم بۆکرد پۆپەر دەکەوێتە نێو ئەو چاڵەی کە بۆ ئەفلاتۆنی هەڵکەندووە کاتێ دەڵێ:" من زاراوەی گەوهەرخوازیی میتۆدەکی(الجوهرانیة المنهجیة) بۆ وەسفکردنی وێناسازی بەکاردەبەم کە ئەفلاتۆن و زۆرانێك لە پێڕەوانی بەکاریان هێناوە، کە گوایە ئەرکی زانینی پەتی یا" زانست" دۆزینەوە و دەرککردنی سروشتی راستەقینەی شتەکانە، واتە دۆزینەوەی کڕۆك یا ماهیەتەکەیانە"(9)،بەڵکو لە بەرامبەر ئەمەدا پۆپەر تیۆری (ناوسازی میتۆدەکی – الاسمیهة المنهجیة) داڕشتووە و بە پێی ئەو تیۆرە لەو باوەڕەدایە کە:" لە بری ویستی دۆزینەوەی ماهیەتی شتە واقعییەکان و پێناسەکردنی سروشتی راستەقینەیان، ناوسازی میتۆدەکی وەسفکردنی چۆنیەتی رەفتاری شتێك لە شتەکان لە هەلومەرجی جیاوازدا دەکاتە ئامانج، بەتایبەتیش بۆ زانینی ئایا رێکوپێکی لە رەفتارەکەیدا هەیە، بە واتایەکی دی ناوسازی میتۆدەکی وایدەبینێ کە ئەرکی زانست دابینکردنی وەسفکردنی شتەکان و ئەو رووداوانەیە کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانمان روودەدەن، دەبێ رووداوەکان راڤە بکەین، بەو مانایەی کە بەیارمەتی یاساگەلێکی هەمەکی وێنەیان بکێشین.ئەمەش متمانەدەکاتە سەرسیستەمی زمانەکەمان، بەتایبەتیش رێساکانی زمان کە ڕستەکان لێکجیادەکەنەوە و دەرەنجامە وەدەستهاتووەکان لەو لایەنەوە کە هۆکارێکی گەورەن بۆ راڤەکردنی زانستی بە ووردی لە مشتێك وشەی سادە بەدووردەخەنەوە، ، چونکە وشەکان بەپێی ئەو تێزە دەبنە ئامرازی یارمەتیدەری پەیوەست بەو ئەرکە لەجیاتی ئەوەی ببنە ناوی ماهیەتەکان".(10)

ئەم بڕگەی سەرەوە کڕۆکی ئەبستمۆلۆژیکییانەی گومانگەرایی پۆپەرە کە پێوایە لە رێگەی ناوسازی میتۆدەکییەوە، کە هۆکارێکی گەورەیە بۆ راڤەکردنی زانستی، مرۆ دەتوانێ لەرێگەی رێساکانی زمانەوە نەك لە رێگای خودی رووداوەکان و خوێندنەوە و سەرنجلێدانیان بگاتە راستی چەسپاوی زانستی، واتە کەسی توێژەر بە قسەی پۆپەر، نابێ یا پێویستی بەوە نییە، هەوڵبدات سروشت و تایبەتمەندێتی راستەقینەی شتەکان بدۆزێتەوە، بەڵکو هەر ئەوەندەی بەسە لە رێگەی بەکارهێنانی هەندێ وشەوە وەسفێکی نزیك لە راستی شتەکان و رووداوەکان بکات، چونکە بەڕای ئەو تیۆرەکانی زانین دروستکراون و زانست ناتوانێ کاکڵ و چییەتی(ماهیە) شتەکانمان بۆ بدۆزێتەوە، هەر بۆیەش باوەڕی بەهیچ راستییەك نییە و لەمبارەیەشەوە خۆی دانیپێدادەنێ ودەڵێ:" زۆرجاران تۆمەتێك دەدەنە پاڵ من ... مەبەستم تۆمەتی گومانگەرایی بوونی منە"*، بەڵام بۆ رەتکردنەوەی ئەم تۆمەتە خۆی دەبوارێ و هیچ وەڵامێکی نییە.

به بۆچوونی پۆپەر دینامیکیەتی زانستی بەشێوازی کەڵەکەبوونی مەعریفیانە بەڕێوەناچێ، واتە کەڵەکەبوونی ئەزموونە زانستییەکانی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو ناتوانن بە هانای مرۆڤەوە بێن و بۆ کارەکانی داهاتوو ڕێنیشاندەرو ڕێنماکاری بن یان بەرچاوی ڕوونبکەنەوە، چونکە بەڕای وی هەموو ئەزموونە زانستییەکانی مرۆڤ زنجیرەیەکی نەپچڕاوی بەدرۆخستنەوەی یەکبەدوای یەکن تا ئەو ڕاددەیە کە مێژووی زانست هەروەکو جیمس وارد (J.Ward)پێیوایە دەبێتە "گۆڕستانی تیۆرە زانستییەکان"(11)، هیچ ڕاستییەك لە ئارادا نییە، بەڵکو هەمیشە و بەردەوام کێشەگەلێك لە ئارادان کە پێویستیان بەچارەسەرە، دەربازبوون لەو کێشەگەلە دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو کێشەگەلیدی، ئیدی بەمشێوەیەو بێ کۆتایی. گریمان بەپێی ئەو بۆچوونەی پۆپەر هیچ ڕاستەیەك لە ئارادا نییە، کەواتە دەبێ بپرسین ئاخۆ پۆپەر چ درۆیەکی کردبێتە بنەمای فەلسەفاندن و تێفکرینە زانستییەکانی؟ مرۆڤایەتی لە ڕێگەی بیرکردنەوە و پرسیاری بەردەوام و کەڵەکەبوونی ئەزموونە زانستییەکانی وەك هەر ئامرازێکی دیکەی مەعریفی بەدوای ڕاستییەکاندا گەڕاوە ولە مێژووی خۆیدا بە کون فەیەکونێك نەگەیشتۆتە ئەمڕۆکەی، بۆیە بەو شێوەیە نییە کە:" زانست بەو کێشانە دەستپێدەکا کە پەیوەندییان بە ڕەفتاری هەندێ لایەنی جیهان یان گەردوونەوە هەیە. ئەو گریمانانەی دەشێ بەدرۆبخرێنەوە لەلایەن جیهانەوە پێشنیازکراون، بەجۆرێ کە چارەسەر دەخەنەبەردەست بۆ کێشەکە، دواتریش پێشبینی و تاقیکردنەوەکان ڕەخنەیان لێدەگیرێ، ئیدی هەرزوو هەندێکیان وەلادەخرێن و بەسوودتربوونی هەندێکی دیکەشیان بەدیاردەکەوێ، ئەمانەی دواییش، پێویستە بخرێنە ژێرباری تاقیکردنەوەو ڕەخنەی دیکەی توندتر، کاتێکیش ئەو گریمانەیەی سەرکەوتووانە دەزگاگەلی تاقیکردنەوە سەختەکانی بڕیوە بەدرۆدەخرێتەوە کێشەیەکی دیکە سەرهەڵدەدات کە هیواخوازین لەوکێشە بنەڕەتییەی کە چارەسەرکراوە زۆر بەدووربێت. ئەم کێشە نوێیە دەبێتە هۆکارێك بۆ داڕشتنی گریمانەی نوێ کە دواتر دەکەوێتە بەر ڕەخنە و تاقیکردنەوە.هەرگیز ناشێ بە تیۆرێك بڵێین ڕاستگۆیە تەنانەت ئەگەر سەرکەوتووانەش تاقیکردنەوە سەختەکانی بڕیبێت، بەڵکو بێئەوەی لەڕاستی لابدەین، دەشێ بڵێین ئەو تیۆرەی ئێستا بەسەر تیۆرەکانی بەرلەخۆی سەردەکەوێ، بەو مانایەی کە دەتوانێ بەرەوڕووی ئەو تاقیکردنەوانە ببێتەوە کە ئەوانی پێشتری بەدرۆخستەوە"(12).

ئەگەر کەمێك لەو تێکستەی سەرەوە ووردبینەوە و دانبەوەدا بنێین کە زانست بەو کێشانە دەستپێدەکا کە پەیوەندییان بە هەندێ لایەنی (جیهان) یا (گەردوون)ەوە هەیە، دەبێ ملبدەینە ئەوەش کە هیچ زانستێك لە دەرەوەی ئەو کێشانەوە بوونی نییە، واتە بوونی زانست پەیوەستە بەبوونی ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە هەندێ لایەنی (جیهان) یا (گەردوون)ەوە هەیە، ئەمەش بەو مانایە دێ کە زانستە مرۆکردەکان(القوانین الوضعیە) جگە لە خەیاڵ و سەراب هیچیتر نین، بە شێوەیەکی ڕۆشنتر بڵێین ئەو ئەلیکتریکەی کە (ئەدیسۆن) لە ڕێگەی چەندین تاقیکردنەوەی زانستییەوە دۆزیەوە و مرۆڤایەتی چەندین پێنگاڤی گرنگ لە بواری زانستەکان و پیشەسازی و تەکنۆلۆژیای

ئەلیکترۆن و مۆدێردندا بردەپێش، تەنیا وەهمێکەو دوور لە راستی، چونکە پەیوەندییان بە (جیهان) و پشتەوەی گەردوونەکەی پۆپەر و لایەنگرانییەوە نییە، واتە لە لایەن خودی مرۆڤەوە ئەفراندراون نەك لە لایەن ئەو جیهان و گەردوونەی پۆپەرەوە.
سەیری ئەم گێژەنگە بێکۆتاییەی سەرەوە بکەن کە مرۆڤ و توانا و بەهرەکانی لە بازنەیەکی داخراوی پۆپەریدا دەهێڵتەوەو لە پەلوپۆی دەخات و هەرگیز رێگەی پێنادات باوەڕ بەو راستییە زانستییانە بکات کە خۆی لە دەرەنجامی ئەزموونە بەردەوامەکانی هەڵیگۆزیون. بۆچی؟ چونکە وەك پۆپەر دەڵێ هەرگیز نابێ بە تیۆرێك بڵێین راستگۆیە! کەواتە وەرن باپێکەوە لە بەرخاتری پۆپەر نکۆڵی لەو هەموو تاقیکردنەوە و تیۆرە زانستییانە بکەین کە (ئەدیسۆن)یان گەیاندە دۆزینەوەی ئەلیکتریك و دواتریش تەلی تەنگستن و.... تاد !!
پۆپەر لە زۆربەی نووسینەکانیدا لێدوانەکانی دووبارەکردۆتەوەو رایگەیاندووە کە بەرهەڵستکاری ئەو بۆ ئەوەی کە ناوی دەنێ(گەوهەرخوازیی میتۆدەکی) لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو بەقووڵی کتێبەکانی فەیەلسوفی ئەڵمانی (ئەمانوێل کانت)ی خوێندۆتەوە کە دەڵێ:"ئەو یاسا زانستییانەی کە جیهان دەیاندۆزێتەوە لە واقعی دەرەکیدا بوونیان نییە، بەڵکو تەنها ئیسقاتاتی قالبە زەینییەکانی ئادەمیزادن بەسەر سروشت و بەکردە خودی شتەکان نادۆزنەوە"(13).
بە پێی لۆژیکی ئەم بۆچوونەی پۆپەر بێت کە لە کانت – ی خواستووە مرۆڤ کاتێك دەست بداتە ئاگر نابێ دەستی بسوتێت، چونکە ئاگرەکە ماهیەتێکی ماددی نییە و لە واقعی دەرەکیدا بوونی نییە، بەڵکو ئەوە زەینی مرۆڤە کەوێنای ئاگر دەکات و لە هەقیقەتی ئاگر ناگات، ئاگر تەنها وێنەیەکی زەینییە و لە دەرەوەی زەیندا، واتە لە واقعدا، بوونی نییە. دواتر دەپرسم ئاخۆ دەبێ ئەو یاسا زانستییانە کامانە بن کە جیهان دەیاندۆزێتەوە؟ ئەو جیهانە بەرجەستەبوونە ماددییەکەی لە کوێدایە؟ بە پێی زانست بێ هیچ شتێك لە نەبووە نایەتەدی و دروست نابێ، بەڵام پۆپەریش وەك زۆربەی فەیلەسوفە ئایدیالیستەکانی مێژووی مرۆڤایەتی تەنها ئەوەندەیان پێکراوە کە وەسفی (جیهان) و (بوون) مان بۆ بکەن بێئەوەی لە واقعدا هەوڵی گۆڕینی ئەو بوونە بەرەو بە مرۆ ڤ کردنی مرۆڤەکان بدەن .
پۆپەر کە سەرسامی خۆی بۆ ئەو گوتەیەی کانت دەردەبڕێ و دەڵێ:" لەو ماوەیەدا کە بەردەوام (رەخنە لە ئاوەز- نقد العقل)ی (کانت)م دەخوێندەوە، بەخێرایی دەرکم بەوەکرد کە ئایدیای سانتراڵی کانت ئەوەیە کە تیۆرە زانستییەکان دروستکراون و ئەوە ئێمەین دەمانەوێ بەسەر جیهاندا بیانسەپێنین"(14)،ئەو پووچگەراییە تیۆرییە هێندە کاریگەری بەسەر هزری پۆپەردا هەبووەو بووەتە قەناعەتێکی چەسپاو لەلایدا بە جۆرێ کە ناکرێ رەتبکرێتەوە،یا هەر هیچ نەبێ بە پێی تیۆری بەدرۆخستنەوەکەی خۆی بەدرۆبخرێتەوە!، هەر ئەمەش وایلێکردووە گومان لە راستی زانستی بکات کە لە رێگەیەوە زاناکان سەردەمانێکە خەریکن دیاردەکانی سروشت و یاساکانیان ئاشکرا دەکەن و لێیاندەکۆڵنەوە. ئەگەر ئایدیای سانتراڵی کانت ئەوەبێ کە هەموو تیۆرە

زانستییەکان دروستکراون، خودی پۆپەریش یەك موو لەو بۆچوونە لاینەداوە، کەواتە داهێنانەکانی پۆپەر چین و چی سەرباریان بۆ پێشخستنی زانست ومرۆڤایەتی پێبووە؟!
یەکێ لەو دانپێدانانە زانستییانەی بانگەشە زانستیی و فەلسەفییەکانی پۆپەر بەدرۆ دەخەنەوە ئەو نامەیەیە کە فایرباند Feyerabend )بۆ لاکاتۆس(Lakatos )ی ناردووە و تێیدا هەڵویستی زانای ناوداری فیزیك شرۆدینگەر(Schrodinger ) کە خاوەنی تیۆری میکانیکای چەندە، سەبارەت بەپۆپەر روونەکاتەوە کە تێیدا گووتویەتی:" ئەم پۆپەرە کتێبە شێواوەکەی خۆیم دەداتێ ((مەبەست چاپی ئینگلیزی کتێبی" لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی"یە))و دەیەوێ رێی پێبدەم ناوی من لە سەر لاپەڕەی یەکەمی دابنێ، گوایە ئەو گەیشتۆتە هەندێ دەرەنجام سەبارەت بە ئیشکالیەتی هیوم، بەڵام ئەمە راست نییە ئەو چەنەبازیدەکا..چەنەبازی.. چەنەبازی و بەسە،ئیشکالیەتی هیوم هەمیشە بێچارەسەرماوەتەوە "(15).ئەم نامەیە دەیسەلمێنێ کە پۆپەر لە بەشێکی سەرەکی بۆچوونە فەلسەفییەکانیشدا بەو شێوەیە نییە وەك خۆی بەباڵای خۆیدابڕیوە، بەڵکو ئەویش بە شێوەیەك لە شێوەکان هەمان رێچکەی فەلسەفی (دایڤید هیوم)ی لەو کتێبەیدا هەڵبژاردووە، بەڵام بانگەشەی ئەوەش دەکات کە ئیشکالیەتی هیوم – ی چارسەرکردووە،لە کاتێکدا ئیشکالیەتی هیوم لەوەدایە کە ئەو پەیوەندی نێوان هۆ و بەرەنجام (السبب و النتیجة) رەتدەکاتەوەو لەو باوەڕەدایەکە هەموو مەعریفەیەك سەرچاوەکەی هەستە و ئاوەز (العقل)جگە لە دەرککردنی ئەو هەستانە هیچی دیکەی تێدانییە، بەڵکو هەموو وێناکان لە هەستەوەن و مرۆڤ خووی پێوەگرتوون کاتێ دەڵێ:" مادامەکی هەموو بیرۆکەکانی ئاوەز، بەرلە کردەی بەئاوەزبوون(التعقل)، هەڵگۆزراوی ئەو شتانەن کە لە بەردەم ئاوەزدان ، کەواتە دەگەینە ئەو دەرەنجامە کەمەحاڵە لە رێگەی ئاوەزەکانمانەوە بیرۆکەیەك لەبارەی شتێك پێکبهێنین یان وێنای شتێك بکەین کە لە رووی چۆنایەتییەوە لەو بیرۆکانە یان لە ئاسەوارە هەستەکییەکان جیاوازبێ "(16)، کەچی وەك سەلماوە بیری مرۆڤایەتی تەنها متمانە ناکاتە سەر ئاسەواری هەستەکان، بەڵکو کردەگەلێکی ئاوەزەکی فرە پێچدار و ئاڵۆز لە ئاراداهەن کە واتاو دیاردە و رووداوەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، هەروەکو پەیوەندی نێوان هۆ و دەرەنجام کە وامان لێدەکات بزانین کە هەر رووداوێك هۆیەك یان کۆمەڵێك هۆکاری لەپشتە و دەرەنجامێك یان چەند دەرەنجامێکی لێدەکەوێتەوەو ئەو دەرەنجامانەش دواتر دەبنە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانێ دیاردەیەك. بە واتایەکی دی پەیوەندی نێوان هۆ و دەرەنجام پەیوەندییێکی دیالێکتیکیانەی نەپچڕاوە، بەڵام دایڤیدهیوم بەر لە پۆپەر باوەڕی بەو لۆژیکە نەبووەودەڵێ:" کاتێ دەبینم تۆپێکی بلیارد دەجوڵێ و بەرتۆپێکی دیکە دەکەوێ و ئەویش دەجوڵێتەوە، ئەوا جوڵەی دووەم هیچ ئاسەوارێکی جوڵەی یەکەمی بەسەرەوە نییە، بەڵکو سەرچاوەی کارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من واڕاهاتووم پێشبینی ئەوە بکەم کە هەرکاتێك تۆپەکەی دووەم جوڵایەوە ئەوا لەبەر ئەوەیە کە تۆپەکەی یەکەمی تەنیشتی دەجوڵێتەوە"(17).

لە بڕگەكانی پێشدا روونمكردەوە كە پۆپەر باوەڕی بە پەیوەندی نێوان هۆ و دەرەنجام نییە و بانگەشەی ئەوەشی كردووە كە ئیشكالیەتی فەلسەفەكەی (هیوم)ی بەر لەخۆی چارەسەركردووە، كەچی دەبینین خۆیشی تەنانەت یەك پێنگاڤ بەرەوپێش نەچووە و تەنها لاساییكارێكی لاسارو دڵسۆزی بۆچوونەكانی دایڤید هیوم بووە، بێئەوەی ئاماژە بۆ ئەو راستییە بكات، ئەمەش بەر لە هەموو شتێك ئەوە دەگەیەنێت كە پۆپەر پابەندی سادەترین بنەمای لێكۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی نەبووە. رەنگە هۆكاری ئەمەش ئەوەبێت كە ئەو باوەڕی بە هیچ راستییەكی زانستی نەبووە!

## (تەوەری دووەم)

## تێڕامانێكی رەخنەئامێز لە بۆچوونە سیاسییەكانی پۆپەر

بێگومان ئەو وێنایەی پۆپەر لەمەڕ ئاوەزگەرایی و زانست و مەعریفەی مرۆڤایەتی هەیەتی بەشێوەیەكی گشتی ئاكاری پووچگەرایی و گومانگەرایی بەخۆوەدەگرن، بەڵام ئەگەر بە تەنها لە بواری ئەبستمۆلۆژیای پەتی بمێننەوە، واتە ئەگەر بەتەنها مەعریفە لە پێناو مەعریفەدابن، هەروەكو فەیلەسوفەكانی گریكی كۆن- تیۆر- یان لە كردار جیادەكردەوە، رەنگە تا رادەیەك ئاسایی بن، چونكە ئەمە لە مێژووی فەلسەفە و تەنانەت وێژە و هونەریشدا، رەوتێكی زانراو و باوبووە، بەڵام لە بنەمادا ترسناكی ئەم جۆرە تێهزرینانەی پۆپەر لەوەدایە كە كاریگەری نێگەتیڤانەیان بەسەر ژیانی سیاسی كۆمەڵگەكان و ئایندەی گەلاندا هەیە و تەنها مەعریفە نین لە پێناوی مەعریفەدا، بەڵكو مەعریفەیەكی میتافیزیكیانەی دوور لە واقع و هەقیقەتن و بۆ جوانكردنی سیمای لیبڕالیزم و خۆرئاواو ڕامكردنی مرۆڤایەتی لە بەرژەوەندی سیستەمی سەرمایەداری و ئایدیۆلۆژیای لیبڕالیزمدا تەرخانكراون، كە ئەمەش پتر هەقیقەتی لایەنگیریانەی سیاسی پۆپەر بەدیاردەخات كاتێ نایشارێتەوە و دەڵێ:" ژیاریی خۆرئاوا تاكە ژیارییە كە بە شێوەیەكی بەرفراوان و تارادەیەكی زۆر دانیناوە بەخواستی رەوشتەكییانەی ئازادی كەسێتی و خواستی یەكسانی لە بەرامبەر یاسادا، خواستی ئازادی، خواستی بەكارهێنانی هێز لەبەرتەسكترین سنووردا. لە بەر ئەم هۆكارەیە كەمن ژیاری خۆرئاوای لەمەڕ خۆمان تا ئێستا بە باشترین ژیاری دەزانم... ئەگەر هەموو شتەكان لە بەرچاوبگرین ئەو تاكە ژیارییە كە تێیدا نزیكەی هەموو خەڵك هاوكارن تاكو ئەوەندەی دەكرێ باشتری بكەن... دواتر لە بڕگەیەكی دیكەدا دەڵێ: ژیاریی خۆرئاوا... لەهەموو ژیارییەكان سەربەستترە، لە هەمووان دادخوازترە، لە هەمووان مرۆڤانەترە، باشترینی هەموو ئەو ژیارییانەیە كە لەسەرجەم مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبوون، ئەو باشترینە, چونكە لە هەموویان لەبارترە بۆ چاكتركردن "(18).

گومان لەوەدانییە کە ژیاریی خۆرئاوا هەنگاوی زۆری بڕیوە و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێشخستن و گەشەکردنی مرۆڤایەتی هەر لە ڕێنیسانسەوە بگرە تا دەگاتە شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا و شۆڕشی 1789 ی فەرەنسا و تا ئێستاش، بەڵام نابێ گومان لەوەشدا هەبێ کە رژێمە سیاسییەکانی خۆرئاوا رەنگە ئێستاکە لە نێو خودی وڵاتەکانیاندا بەشێوەیەکی بەرتەسك پەنا ببەنە بەر کارهێنانی هێز، بەڵام ئایا ئەمە پێشتر لەنێو خۆیاندا هەرواوبووە؟ ئایا ئێستا و چەند سەدەیەك پێشتر لەبەرامبەر دەرەوەی ئەوروپاشدا هەمان رەوتاریان هەبووە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر،چونکە پۆپەر لەو باوەڕەدایە کە:" شێتییە ئەگەر بەردەوام بانگەشەی ئاشتی بکەیت بێئەوەی جەنگ بەرپابکەی"**، لۆژیکی شەڕخوازانەی پۆپەر لێرەدا روونتر دەبێتەوە بەجۆرێ ناتوانێ بە بێ هەڵگیرساندنی جەنگ ئەو ئاشتییە درۆزنانەیەی کە بانگەشەی بۆدەکات بهێنێتەدی.ئاشتییەکەی پۆپەر بە داگیرکردن و دزینی سامانی وڵاتان و برسیکردن و وێرانکردنی وڵاتانی دەرەوەی خۆرئاوا و لە ناوبردنی ئەوانی دیکەی جیاواز دێتەدی، نەك لە رێگەی دیالۆگ و پێکەوەژیان و کەناڵەکانی دیپلۆماتی، ئەگەر ئەمە دیوێکی ئەم قسەیەی سەرەوەی پۆپەر بێت، ئەوا دیوەکەی دیکەی لەوەدایە کە هیچی بۆ ژیارییەکانی دیکەی مرۆڤایەتی جێنەهێشووە، جگە لە لۆژیکی خودی پۆپەر هیچ لۆژیکێك ئەم رەهاییە لە قسەکانی پۆپەردا قەبووڵناکات.

دروستە ژیاری خۆرئاوا ئێستاکە لە هەموو ژیارییەکانی دی سەربەستترە، ئەگەر مەبەستی پۆپەر سەربەستی و دابینکردنی بەشێکی گرنکی مافە ئابووری و کۆمەلایەتی و یاسایی و کەسایەتییەکانی تاکەکانی خۆرئاوا بێت لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا، ئەمە مەسەلەیەکی رێژەییە و دروستە، واتە مەسەلەکە بە بەراوورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی سیستەمەکانیان داخراوەو ئازادی ومافەکانی مرۆڤیان بە رێژەیەکی زیاتر تێدا پێشێل دەکرێ دروستە، بەڵام ئەگەر باس لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی خۆرئاوا بکەین، ئەوا لێرەدا دەبێ دان بەوە بنێین کە لەمەشیاندا پۆپەر دروستی بۆچووە کە ئەوان، نەك ئەمرۆکە، بەڵکو لە سەدەکانی ناوەڕاستیش، سەربەستانە دەستیان لە کاروباری هەموو وڵاتانی جیهان وەرداوە و سەربەستانەش سامانە سروشتی و مرۆییەکانی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریکاو...تاد تاڵانکردووەو مرۆڤەکانیان بە کۆیلەکردوون و بازرگانیان پێکردوون.

یەکێ لە لایەنگرانی پۆپەر سەرسامی خۆی بۆ دەربڕیوەو دەڵێ:"راستییەکەی ئەوەی لە ژیاننامەی ئەو فەیلەسوفەدایە مایەی مەزنی و گەورەییە، چونکە ئەو (واتە پۆپەر)خاوەن هەستێکی مرۆییانەی بەرزە و بەتوندی هاوسۆزی سیماکانی کڵۆڵی و نەداری و بەشمەینەتییە... دواتر دەڵێ.... مادامەکی پۆپەر کەڵە پیاوی میتۆدی زانستی و بانگهێشتاکاری کۆمەڵگای کراوە و لایەنگری دیموکراسی لیبڕاڵییە لە مرۆییترین شێوەکانیدا و هێرشبەرێکی سەرسەختی سەر مارکسیزمە و بە چاوێکی تیژەوە پێشبینی دوارۆژی سیستەمە گشتگیرە داخراوەکانی ئەوروپای کردووە کە دوژمنی سەرسەختی فەلسەفەی راڤەکاری و پۆزەتیڤیتی لۆژیکی بوون بەوەی دەستەواژەکانی زانستیان

شیدەکردەوە تاکو جوانی ئەزەلی لە فەلسەفە بستێنن و میتافیزیکا بپلیشێننەوە، ئەوا پۆپەر دانا و نەمربوو کە داکۆکی لە میتافیزیکا کرد" بەڵام هەر دوای ئەم پێداهەڵگوتنە کاتێ ناتوانێ پاساو بۆ بۆچوونە نادروستەکانی پۆپەر بهێنێتەوە وچاوپۆشیان لێبکا هەڵدەگەڕێتەوە و دەڵێ:"پۆپەر خۆی بە دوا رۆشنگەری مەزن دەزانێ، ناشبێ خۆمان لەو دانپێدانە بدزینەوە کە ئەو لەو روانگەیەوە دوا کۆلۆنیالستیشە، ئەو شۆڤینستانە سەرسامی ژیاری خۆرئاوایە و... ژیارییەکانی دیکەش لەبەرچاویدا وەك ئەو منداڵانە وان کە هەزارجاران بیردەکەینەوە بەرلەوەی هەندێك ئازادی و سەربەخۆییان بدەینێ!"(19).

لێرەدا دەپرسم: باشە دەکرێ کەسێك هێندە هاوسۆزی سیماکانی کلۆڵی و نەداری و بەشمەینەتی بێ و لە هەمان کاتیشدا شۆڤینیست و کۆلۆنیالیست بێ؟ فەیلەسوفێکی وەك پۆپەر چی لە بلیمەتی و داهێنانە فەلسەفییەکانی دەمێنێتەوە کاتێك شۆڤینیست و کۆلۆنیالیست و رەگەزپەرست بێ؟؟ بە داوای لێبووردنەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ لایەنگرانی پۆپەر جێدەهێڵم، چونکە دڵنیام ئەگەر باشتر و وردتری بخوێننەوە ئەو کەسە نامێنێ کە بەشان و باڵیداهەڵبدەن، مەگەر خۆشیان هەمان قەناعەتی پۆپەریان هەبێ، دڵنیام دوای لێکۆڵینەوەی زیادتر بەدیاردەکەوێ کە پۆپەریش وەك بۆچوونەکانی تەنها دەبێتە ناوێك کە لە راستییدا جەستەی نەبووە!!

هەروەکو لە برگەکانی پێشدا ئاماژەم بۆکرد پۆپەر تەواوی ئەو رۆشنبیرە خۆرئاواییانەی کە رەخنەیان لێگرتووە، بە تایبەتیش مارکسیتو چەپەکان، بە نەزان و گەمژە ناوزەدکردووە، نەك هەر ئەمە، بەڵکو لە زۆر شوێنکات و بۆنەدا لە وتار و لێدوانەکانیدا بە کارەساتێکی ئەنسرۆپۆلۆژی لە قەڵەمیداون، چونکە لەو باوەڕەدابووە کە نابێ رۆشنبیران و بیرمەندان و زانایان هۆشداری لەبارەی مەترسییەکانی پێشکەوتنی دڕندانەی پیشەسازی بدەن، کە بەهیچ شێوەیەك رەچاوی سیستەمی رفۆکی ژینگە ناکا و هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ ئالودەبوونی هەوا و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی و دروستبوونی کونەکانی ئۆزۆن، کە هەموو ئەمانە بە پێی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی زانایان وسروشتناسان دەرەنجامی وەکارخستنی خراپ و لە راددەبەدەری سەرچاوەکانی سروشت و سیستەمی پیشەسازی بەکاربەرانەی خۆرئاوایین، کە تەنها بیر لە قازانج دەکاتەوە، بەڵام پۆپەر دڵڕەقانە مامەڵە لە گەڵ ئەم زانیارییە بەڵگەنەویستانە دەکا و دەڵێ:"زانا ناودارەکان هەمیشە هەق نین، من ناڵێم ئەوان هەڵەن، تەنها ئەوە دەڵێم کە ئێمە زۆرجاران کەمتر لەوە دەزانین کە پێمان وایە دەیزانین"(20).

پۆپەر پێیوایە کەمتر لەوە دەزانێ کە پێیوایە دەیزانێ، ئەگەر وایە چۆن خۆی بەدوا رۆشنگەر و فەیلەسوفی سەردەمەکەی زانیووە ؟ ئەم وشەبازییە پووچەی پۆپەر تەنها بۆ ئەوەیە کە هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵ بۆچوونەکانی کۆك نین بخاتە خانەی نەزانان یان کەمزانان، بەپێی لۆژیکی ئەم قسەیە بێ نابێ پۆپەر ژیاری خۆرئاوا بە باشترین ژیاری لە قەڵەم بدا و ناشبێ هێندە سوور و دڵنیابێ لەم رەهاییەی قسەکانی، چونکە

کەمتر دەزانێ لەوەی کە پێیوایە دەیزانێ!، ئەمە دیوێکی قسەکەیەتی، لە دیوەکەی دیدا سەیری ئەم پارادۆکسە نالۆژیکییە بکەن : (هەق نین - هەڵە نین) ئەی لەو نێوانەدا بەڕای پۆپەر دەبێ ئەو زانایانە چی بن؟! لە نێوان هەق نەبوون و هەڵە نەبووندا مرۆڤ لە کوێ خۆی بدۆزێتەوە و چۆن لە خۆی بگات؟پەردەپۆشکردنی پەیوەندی نێوان پیشەسازیکردن و پیسبوونی ژینگە بەو قسەپووچانەی پۆپەر جگە لە دژایەتی زانست و لە بەرژەوەندی سیستەمی قازانج پەرستی سەرمایەداری وپاساوهێنانەوەیەکی ئایدیۆلۆژی لاواز و بێ بنەما نەبێ، دەبێ چ حیکمەتێکیان بۆ ئایندەی سروشت و چارەنووسی مرۆڤایەتی تێدابێ ؟
رەنگە حیکمەتەکە لەو سەفسەتە پووچەی خۆیدا بێ کە دەڵێ:"راستە ژیان هەمیشە لە مەترسیدایە. لەو قەناعەتەدام کەئێمە هەموومان زووبێ یا درەنگ هەردەمرین. مەترسی هەمیشە ئامادەیە، لەسەرەتای ژیانیشەوە هەروابووە، تەنانەت سەبارەت بە ژینگەش هەروابووە"(21)، بۆیە، بە قسەی پۆپەر، پێویست ناکات زانایان و رۆشنبیران و بیرمەندان و فەیلەسوفان بشڵەژێن و باس لە کێشەکانی مرۆڤایەتی و کاولکارییەکانی سیستەمی سەرمایەداری بکەن، بۆچی؟ چونکە هەر دەمرین، ئیدی ئەگەر ژینگە پیسبێ یا خاوێن هەر دەمرین! مەترسی هەمیشە ئامادەیە جا چ خۆرئاوا هێرش بکاتە سەر وڵاتەکانمان و سەروەت و سامانە سروشتییەکانمان بدزێ یا زەمینلەرزەیەك لێمانداو بمانکوژێ هەر دەمرین،چ بە ئایدز بێ چ بە بۆمبی ئەتۆمی هەردەمرین، بەڵام لە یەکەمیاندا هەموو رۆژێ بەسستی لە جیاتی جارێك سەدجار دەمرین کەلەلای ئەوان نەبێ لە هیچ شوێنێك چارەسەرمان نییە، چونکە ئەوان تەنانەت داودەرمانیش مۆنۆپۆلدەکەن، لە دووەمیشدا بێ ئاخ و ژان و لە ناکاو دەمرین، حیکمەتی ئەمەش بەقسەی پۆپەر لەوەدایە کە ژیاری خۆرئاوا لە ژیارییەکانی ئێمە و پلەی مرۆڤایەتی ئەوانیش لەهی ئێمە بەرزوباڵاترە و" ئایدیۆلۆژیای خۆرئاوا وێرای ئەو هەموو سووکایەتی و درۆیانەی بۆی هەڵدەبەسترێن، خودی هەقیقەت بووە.خۆرئاوا هەمیشە لە پێناو ئاشتیدا جەنگاوە،لە ئەوروپاشدا بەم ئاشتییە گەیشت..."(22). وەك تێبینی دەکەن پۆپەر هەموو رەخنەیەك لە ئایدیۆلۆژیای خۆرئاوا(هەڵبەتە مەبەستی ئایدیۆلۆژیای لیبڕالیزمە)بە سووکایەتی پێکردن و درۆی هەڵبەستراو دەزانێ. سەیر لەوەدایە کە پۆپەر بە پێی تیۆری بەدرۆخستنەوە باوەڕی بە هیچ راستییەکی زانستی نییە و لەو باوەڕەدایە کە هەموو تیۆرێکی زانستی دەکرێ بەدرۆ بخرێتەوە، کەچی ئایدیۆلۆژیای خۆرئاوا بە شێوەیەکی رەها بە خودی هەقیقەت دەزانێ و هەرچی لەدەرەوەی ئەو هەقیقەتەشدا بێ بەدرۆی دەزانێ!، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکەدا، دەبوایە ئاماژە بەوەش بدات کە ئەوروپا دوای دوو جەنگی گەورەوماڵوێرانکاری جیهانی (کە خودی وڵاتانی ئەوروپا بۆ دابەشکردنەوەی جیهان لە پشتیەوە بوون) گەیشتە ئەو ئاشتییەی کە پۆپەر باسی دەکات، بۆیە نابێ ئەو راستییە مێژووییە فەرامۆش بکرێت کە خۆرئاوا هەمیشە لە پێناو ئاشتیدا نەجەنگاوە، گەر دەستێوەردانی بەردەوامی ئەو وڵاتە زلهێزانەی خۆرئاواش نەبێت ئاشتی لە سەرتاسەری جیهان و لە

شوێنەکانی دیکەش بەرقەراردەبێت و دێتەدی، پێویستیش بەوە ناکات جەنگ بەسەر وڵاتاندا بسەپێنن تاکو ئاشتی سەقامگیربێت .
ئاوەژووکردن و شێواندنی مێژوو بەو شێوەی پۆپەر نەبێ چ سوودێکی بۆ خۆرئاوا هەیە؟ وەك بڵێی هەرگیز خۆرئاوا نەبووە لە رێگەی دزینی سامانی وڵاتانەوە گەلانی جیهانی بندەستکردبێ و زۆر دڕندانە لە سادەترین ماف و ئازادی بێبەشیکردبن. پۆپەر لەبیری چووە کە ئایدیۆلۆژیای نازیزم و فاشیزم لە هەناوی ئەوروپاوە سەریانهەڵداو ملیۆنان مرۆڤی بێتاوانیان لە سەرتاسەری جیهاندا کردە قوربانی جەنگە نەگریس وماڵوێرانکارەکانی خۆیان .
پۆپەر کە دەڵێ لەو قەناعەتەدام کەئێمە هەمووومان زووبێ یا درەنگ هەردەمرین، وەك بڵێی شتێکی تازەی لە فەلسەفەدا دۆزیبێتەوە، کە ئەویش هەقیقەتی مردنە و دەیەوێ بە ئێمەی کەمزان و نەزانی رابگەیەنێ کە باشتر وایە بەرلەوەی بمرین بە تەواوی خۆبدەینە دەست خۆرئاواو بە بەندایەتی ئەو رازیبین.کورد دەڵێ (( دۆَم بێ و کڵاش بۆخۆی بچنێ))، منیش دەڵێم ((پۆپەر بێ و خۆرئاوا بڕازێنێتەوە)) دەبێ چ کەسێك هەبێ لەمە باشتر راستییەکان بشێوێنێ و جیهان بکا بە قەرزباروکۆیلەی هەمیشەیی خۆرئاوا؟
گومان لەوەدا نییە کە ژیاری خۆرئاوا لەتەك هیلتەردا مۆزارت و بیتهۆڤن و باخی هەبووە،لە پاڵ مۆسۆلینی داڤینشی و ئەنجیلۆ و دانتی و گرامشی و تۆلیاتی هەبووە، لە تەك هەموو ناپلیۆن ولویسەکاندا کامۆ و رۆسۆ و هۆگۆ وڤۆلتێریکی هەبووە،لەتەك بۆشەکان و رێگانەکاندا دا تۆماس ئەدیسۆن ومارتن لۆتەری هەبووە، لەپاڵ گەلێ دیاردەی دزێودا گەلێ دیاردەی جوانیشی هەبووە، بەڵام ئایا بەو ڕەهاییەیە کە پۆپەر دەیەوێ بەسەر مرۆڤایەتیدا بیسەپێنێ؟ تۆ بڵێی ژیارییەکانی خۆرهەڵات و ئەمریکای لاتین و ئەفریکا هیچ شتێکی بەسوودو جوانیان بۆ مرۆڤایەتی پێنەبووبێت؟
هەڵبەتە نەخێر، خۆرئاوای سەرمایەداری وێڕای لایەن و دەسکەوتە جوانەکانی، کە تێکۆشانی درێژخایەنی بزاڤی جەماوەریی سۆسیالیستی و چەپ و کرێکاران و زەحمەتکێشانیش هۆکارێکی سەرەکی بوون لە بەدیهاتنیان، گەلێ لایەنی ناشرین وقێزەوەن و دژەمرۆییانەشی هەیە و تا ئێستاش مرۆڤایەتی لە سایەی باڵادەستی ئەو سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزرییەی خۆرئاوادا کۆمەڵێ کێشەی جیاجۆری وەك: بەشتکردنی مرۆڤ، بەکاڵاکردنی سروشت ، هەژاری، پیسبوونی ژینگە، بازرگانیکردن بەمرۆڤ ، بێچارەسەر مانەوەی چەندین پەتای کوشندەی وەك ئایدز و ئەنفلەوەنزای باڵندە و شێرپەنجە، مۆنۆپۆلکردنی زانیارییە زانستییەکان و بەکۆیلەکردنی مرۆڤەکان و بێدادی کۆمەڵایەتی... تاد، بەرهەمهێناوە و هەموو ئەمانەش لە تەك جوانییەکاندا زادەی ئەو ژیارییە خۆرئاواییەن کە پۆپەر سەرسەختانە نکۆڵی و چاوپۆشیان لیدەکات و دەڵێ:"لە خۆرئاوادا لە ئاسماندا دەژین، هەڵبەتە لە ئاسمانی یەکەم و هێشتا نەگەیشتووینەتە هی هەفتەم، ئاسمانەکەمان دەشێ چەندین چاکسازی تێدا

بكرێ، هیچ هۆكارێك له ئارادانییه تا لێیبڕەنجێین و بەخراپی وەسفكەین. جیهانی ئێمە باشترینی ئەو جیهانانەیە كە لە سەر زەویدا بوونیان نەبووە "(23).
وەك لەو بڕگەیەی سەرەوەدا بەدیاردەكەوێ پۆپەر و خۆرئاوا لە ئاسمانێكدا دەژین كە هەرگیز لە سەر زەویدا هاوتای نەبووە، بەڵام دەبووایە ئەوەش بڵێ كە ئەو ئاسمانەی ئەوان، بەتایبەتیش ئاسمانەكەی ئەمریكا، بەهێزو بازووی خودی ئەو كۆیلانە بنیاتنران كە بە دڕندانەترین شێوە دەچەوسێنرانەوەو وەك ماركس ئاماژەی بۆ كردووە كە ساڵی 1703 ئینگلیزەكان لەكۆمەڵەی یاسادانان ":Assembly بڕیاریاندا بڕی 40 جونەی بكەنە پاداشتی كەوڵكردنی پێستی سەری هەر هیندیەكی سوورپێست و هەر دیلێكی سوورپێستەكان، بەڵام لە ساڵی 1720 پاداشتی هەر پێستە سەرێكی كەوڵكراو گەیشتە 100 جونەی، كەچی لە ساڵی 1744دا دوای ئەوەی هۆزێكی ناوچەی كەنداوی ماساتشوستش بە یاخی لەقەڵەمدرا، بڕی نرخەكان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: كەوڵی سەری هەر نێرینەیەكی 12 ساڵان بەسەرەوە 100 جونەی، هی هەر دیلێكی پیاو 105 جونەی، كەوڵی سەری هەر دیلێكی ئافرەت یان منداڵ 50 جونەی ***"!
ئەمەش بەشێكی گرنگی هەقیقەت و مێژووی ڕاستەقینەی ئەو خۆرئاوایەیە كە پۆپەر باسی دەكات، لایەكی دیكەی ئەم قسەیەی سەرەوەی پۆپەر ڕێك ئەو بۆچوونەی ماركس دەسەلمێنێ كە سەرمایەداری وەك سیستەمێكی جیهانگیر لە سەرجەم شوێنەكاندا بە هەمان شێواز وئەندازە گەشەناكات ولەگەڵ خۆیدا نابەرابەری و بێدادییەكان دەخوڵقێنێ، ئالێرەشەوە كارەساتە مرۆییەكان ڕوونتردەبنەوە و تێدەگەین كە بۆچی ئەوان لەئاسمانن و ملیۆنان مرۆڤی بێچارەش لە ئەفریكا و ئاسیا و وڵاتانی لاتین و خۆرهەڵات ناتوانن قووتی ڕۆژانەیان وەدەستبهێنن و گیرۆدەی دەستی هەژاری و برسیەتی و دەیان پەتا و نەخۆشی كوشندە و كارەساتی سروشتی دەبنەوەو كە یەكێ لە گرنگترین و كاریگەرترین هۆكارەكانی سەرهەڵدانیان ئەو ڕەوتە دڕندانەیەی سیستەمی بەپیشەسازیكردنی سەرمایەداریی و شاردنەوەی پاشەڕۆ ژاراوییەكانە لە هەناوی سروشت و ژینگەوە .
ئەوان لە ئاسمانن و وڵاتانی ئێمەی (دواخراو) و دواكەوتوو و ژینگەش گۆڕستانی پاشەڕۆیە پیس و ژاراوییەكانی پیشەسازی و پێشكەوتنە تەكنۆلۆژییایەكەی ئەوانن، واتە دەشێ بڵێین پێشكەوتنی ئەوان بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ متمانە دەكاتە سەر دواخستنی ئێمە، كاتێكیش وەك چەپ ڕەخنە لە بۆچوونە نادروستەكانی پۆپەر بگرین بە خیانەتكار ناوزەدمان دەكاو پێمان دەڵێ كە ئەوان، واتە خۆرئاوا:" لە باشترین جیهانی كۆمەڵایەتیدا دەژین كە لە هیچ شوێنێكی جیهاندا بوونی نەبووە- ئەمە وێڕای خیانەتكاری زۆرینەی ڕۆشنبیران"(24)، چونكە ئایدیۆلۆژیای ئێمەی ڕۆشنبیرانی چەپ بە گووتەی پۆپەر:"لە ڕووی ڕەوشتەكییەوە ئایدیۆلۆژییەكی شەڕانگێزە و درۆیەكی پەڵەدارە"(25).
لە سەرجەم ئەو بڕگانەی سەروەدا كاتێك پۆپەر باس لە خەسڵەتەكانی ژیاری خۆرئاوادەكات پێویستە ئاماژە بەوە بكەم كە بیری ژیاریی لە سەر بنەمای دابەشكردنی

کیشوەرکان دابەش ناکرێ وەك ئەوەی پۆپەر باسی لێوەدەکات، راستە ژیاریی هاوچەرخ زادەی سیستەمی سەرمایەدارییە کە لە هەناوی ئەوروپادا سەریهەڵداوە، بەڵام نوێشکی ئەو ژیارییە هی پێش سەرمادارییە و ئاوەزگەرایی هاوچەرخیش لە دۆخێکی بێجووڵە و چەقبەستوودا نییە تا هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەیەت، بەڵکو سروشتی ململانێی نێو کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە جۆرێك گۆڕانی بەسەردادێنێت کە دواجار خواستی رەتبوون لە سەرمایەداریش دەگرێتەوە. نموونەی زیندووش بۆ تێکۆشان لە پێناو جێبەجێکردنی ئەم خواستە زۆرن، لەوانەش بۆ نموونە: کۆڕبەندی کۆمەڵایەتی جیهانی(World Social Forum) ، کە چەندین بزاڤی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی و بیرمەند و چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە خۆیدا دەگرێ، ئێستا لە خودی خۆرئاواو ئەمریکای لاتین و ئاسیا و ئەفریکا دژ بە جیهانگیری سەرمایەداری و دەرهاویشتە خراپەکانی تێدەکۆشێ و رۆژ لە دوای رۆژ گەشەدەکاو فراوانتردەبێت و داوای جیهانێکی دیکە دەکات کە ئەگەری هەیە.

**(بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم کۆڕبەندەوە بڕوانە کتێبی: کۆڕبەندی کۆمەڵایەتی جیهانی/ دامەزراندن و ئامانج/ ئامادەکردنی سەنتەری المسلة 2008).**

به گوتەیەکی دی ئەو بیرۆکەیەی پۆپەر لەو قسانەی سەروەیدا لەمەڕ ژیاریی خۆرئاوا جەختی لێدەکاتەوە هۆکارەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئاوەزگەرایی لە وڵاتانی کەناردا(دول المحور) بوونی نەبووبێت بۆیە ئێستا ئەوان لە زەمیندا دەژین و خۆرئاواش لە ئاسمان، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وڵاتانی سەنتەر (دول المركز) دەرەنجامی سروشتی تەماعکارانەی رژێمە ئابووری- سیاسییەکانیان هەمیشە رێگرێکی بەهێزبوون لە بەردەم گەشەکردن و پێشکەوتنی ئابووری و زانستی و تەکنۆلۆژی و پیشەسازیی وڵاتانی کەنار(واتە وڵاتانی باشوور)، دەرەنجام سەنتەر کۆنترۆڵی جیهانی کردووە و ئێستا لافی باشترین ژیاری لێدەدات، لە کاتێکدا گەشەکردنی سەنتەر پەیوەندی بە گەشەکردنی لە رادەبەدەری سەرمایەدارییەوە هەیە، نەوەکو بەوەی ئەوروپا سەنتەری ئاوەزگەرایی بووبێت، بەڵکو مێژووی ئاوەزگەرایی زۆر لەوەی ئەوروپا دێرینترە و لە ناوچەکانی ئاسیا و ئەفریکا و....تاد، ئاوەزگەرایی بەر لە ئەوروپا سەریهەڵداوە .

لە لایەکی دیکەدا پێویستە ئەوە بپرسین کە کامە ئایدیۆلۆژی لە رووی رەوشتەکییەوە درۆیە و بە سادەترین بنەمای رەوشتەکییەوە پابەند نییە، ئەو ئایدیۆلۆژیایەی سەرمایەداران و زلەکۆمپانیا مۆنۆپۆلییەکانی جیهانی خۆرئاوا بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین قازانج لەسەر حیسابی ئایندە و دوارۆژی مرۆڤایەتی بە هاوکاری پۆپەر و هاوشێوەکانی دەهۆڵی بۆدەکوتن، یان ئەو ئایدیۆلۆژیایەی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە رەتدەکاتەوە و لە ڕووی رەوشتەکییەوە قەبوڵی نییە مشتە خەڵکانێکی وەك پۆپەر لە ئاسمان بژین و کەسانێکی دیکەش کە زۆرینەن لە سەر شۆستە و تونێلە تاریکەکانی میترۆ و پووشخان و ماڵە تەنەکەییەکاندا بژین؟؟ چ بنەمایەکی رەوشتی

رێگە بە پۆپەر و خاوەنەکانی دەدات کە ئەوان لە ئاسمان بن و ملیارها مرۆڤی کلۆڵیش تەنانەت مافی ئەوەشیان نەبێ لە ژێر سێبەری ئەو ئاسمانەدا بێ کێشە بژین؟ !
فەلسەفەی سیاسی پۆپەر لە زۆر لایەندا کەلێنی گەورەو زەقی تێدایە، یەکێ لەو کەلێنانەش ئەوەیە کە وەك ئەو وڕێنە بکەین و دانبەوەدابنێین کە:" سەرجەم پیاوانی ئاشتی جەنگاوەربوون، تەنانەت مەهاتما گاندی – یش جەنگاوەرێك بووە لە پێناو ناتوندوتیژیدا"(26). سەیرە تێکۆشەرێکی ئاشتیخوازی وەك گاندی بە (جەنگاوەر) بزانین، لە کاتێکدا ئەو بە کردار و گفتار تادوا چرکە ساتی ژیانی بانگەشەی لێبوردەیی و ناتوندوتیژی کردووە و بەدرێژایی تەمەنی نەیزانیوە بەکارهێنانی چەك یانی چی، کەچی پۆپەر بەمەش ناوەستێ و دەیەوێ گاندی-ش وەك خۆی بکاتە جەنگاوەرێك لە پێناو ئاشتیدا!
بە پێی گوتەی پۆپەر هەر رەخنەیەك لە سەرمایەداری دروستکراوی زەینی رۆشنبیرانە(هەڵبەت ئەو رۆشنبیرە چەپ و مرۆڤدۆستانەی پۆپەر بە شەڕانگێز و بێ رەوشت و درۆزنیان دەزانێ) چونکە:" بەپیشەسازیکردن نابێتە مایەی زیادکردنی هەژاری، ئەمەش شتێکە پێویست بەسەلماندن ناکات و تەنانەت لە کۆلۆنیاڵەکانیشدا بارودۆخەکەدا بەشێوەیەکی بەردەوام بەرەو باشتر دەچێ"(27)، دواتر لە درێژەی قسەکانیدا رایدەگەیەنێ کە ئامانجی بنچینەیی سیاسەتی ئێستای خۆرئاوا خۆ بەدوورگرتنە لە ململانێکان و بەرقەرارکردنی ئاشتییە، بۆ پراکتیزەکردنی ئەم سیاسەتەش :" ئێمە نابێ لەبەرامبەر هەڵگیرساندنی جەنگ لە پێناوی ئاشتیدا پاشەکشە بکەین، کە لە حاڵەتەکانی ئێستادا ناکرێ خۆمانی لێ لادەین،ئەمە شتێکی دڵخۆشنەکەرە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ جیهان رزگارکەین پێویستە ئەنجامبدرێ،یەکلاکردنەوە لێرەدا گرنگیەکی دیاریکراوی هەیە"(28).
پۆپەر بە هەڵگیرساندنی جەنگ دڵخۆش نییە،بەڵام نایشارێتەوە کە لە رێگەی جەنگەوە دەیەوێ جیهان رزگاربکات، سەیرە بە جەنگ دڵخۆش نەبیت، بەڵام بانگەشەی بۆ بکەیت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە پۆپەر دەیەوێ کامە جیهان رزگار بکات و لە چنگ و چەپۆکی کێ رزگاری بکات؟ جیهانی خۆرئاواکەی خۆی یان ئەو جیهانەی کە خۆرئاواکەی دەستی تێهاویشتووە و بەردەوام وێرانی دەکات؟؟ ئەو لە پێشەکی کتێبی (( کلۆڵیی ئایدیۆلۆژیا))رەخنە لەو حەتمیەتە مێژوویيە دەگرێ کە مەتریالیزمی مێژوویی مارکسیزم لە روانگەی ململانێی چینەکانەوە باسیکردووە و دەڵێ:" لە وتارێکمدا بە ناونیشانی ( نەزۆکی مێژووگەرایی) هەوڵمدا روونیبکەمەوە کە ئەم مەزهەبە میتۆدێکی نەزۆکە- واتە هیچ بەرهەمێکی نابێت"****، بەڵام سەیر لەوەدایە کە خۆی جەنگ بەحەتمییەتێك بزانێت بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و نەشتوانێ خۆی لێ لابدات!! ئەو جگە لە جەنگ هیچ رێگەچارەیەکی باشتری پێ نییە بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی!! سەیرە رەخنە لە حەتمیەتێك بگریت کە لە بەرژەوەندی سەرجەم مرۆڤایەتیدایە، بەڵام سەیرو سەمەرەتر ئەوەیە کەخۆت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی خۆرئاوا، کە بەشێکی مرۆڤایەتییە، جەخت لە حەتمیەتی جەنگ بکەیتەوە!

زۆرانێك لە بیرمەندانی چەپ لە سەرتاسەری جیهاندا لەو باوەڕەدان کە" نە سەرمایەداری و نە لیبرالیزمیش ئاشتی و بەختەوەرییان پێشکەش نەکردووە، بەڵکو جەنگ و چەوسانەوە و رووتاندنەوە و ئاژاوەیەکی جیهانی بێهاوتایان پێشکەشکردووە******"
هەرچەندە من لە گەڵ رەهایی ئەو بڕگەیەی سەرەوەدا نیم، بەڵام وەك رووندەبێتەوە:" هەڵوێستە جەنگییەکانی پۆپەر لە گەڵ تیۆرکارییە( فەلسەفییەکانی) ناکۆك نین، بەڵکو لە گەڵ تێزە ئەبستمۆلۆژییەکانی زۆر کۆکن ... شەڕانگێزی و دوژمنکارییەکانی هەر لە سەرەتاوە هەڵقوڵاوی کڕۆکی فەلسەفەکەیین، پۆپەر لەم خاڵەدا بەبەراورد لە گەڵ ئەرستۆدا هەڵوێستێکی کۆنەپەرستانەی هەیە کە لە هەندێ لاپەڕەی کتێبی سیاسەت قسەی ترسناکی دەرهەق بە کۆیلەکان کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا رەخنەی لەو حکومەتانەش گرتووە کە دەستوورەکانیان- وەکو (سپارتا)- متمانەیان کردۆتە سەر جەنگ، لەمبارەیەشەوە گوتوویەتی ئەوانەی لاوان بەگیانی ململانێ پەروەردە دەکەن چارەنووسیان وێرانییە...بەڵام کاتێ پۆپەر گەلانی کۆلۆنیاکراوی پێشان بە منداڵی بچووك دەچووێنێ تەنانەت ئەفلاتونیش شتی وای نەکردووە، چونکە ئەو دانی بەوە ناوە کە ژیاریی میسرییەکان پێشکەوتووتربووە لەهی گریکەکان"(29).
وەك تێبینیدەکەین بۆچوونە سیاسییەکانی پۆپەر پڕبەپێست و زۆر شۆڤینستانە خزمەتی سیاسەتەکانی خۆرئاوای لیبراڵ دەکەن و لە سەنگەری پێشەوەی داکۆکیکردنن لە هەموو کەموکورتییەکانی ئەو سیستەمە، ماوەتەوە بگوترێ کە شکستی ئەزموونەکەی سۆڤیەت، وێڕای هەموو کەموکورتییەکانی، بۆشاییەکی بەرفراوانی سیاسی و هزری بەدوای خۆیدا جێهێشت کە نیولیبرالیستەکان لەو کاتەوە بەباشی دەیقۆزنەوە. چونکە ئەم شکستە" دەروازەی بەڕووی قۆناغێکدا کردەوە کە گوتارێکی دیموکراسی تێیدا باڵادەستەو کاکڵی گوتارەکەش پەیوەستە بە لایەنی کەمی لیبرالیزمی پەرلەمانی و هەڵبژاردن، لەگەڵ گرێدانی خواستی دیموکراسی وەك"حوکمێك"بە ئابووری بازاڕ،لەم چوارچێوەیەشدا ئەگەری بەدیهێنانی دیموکراسی جیاکراوەتەوە لەو تێکۆشانە جەماوەرییانەی کە هەمیشە مەرجێکی پێویستن بۆ وەدەستهێنانی ئازادییە دیموکراسییەکان ******"

## (تەوەری سێیەم)

## جیاوازییە بنەڕەتییەکانی هەردوو ئابووری لیبڕالیزم و مارکسیزم

هەردوو فێرگە و فەلسەفەی سەرەوە زادەی خۆرئاوای ئەورووپان و ریشاڵ و بنەچەکانیان بۆ ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، ململانێی فەلسەفی و سیاسی نێوان ئەو دوو فێرگەیە لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوامەو هەردوو لاش لە سەرتاسەری جیهاندا لایەنگر و تیۆریسیان و بیریاری ناوداری خۆیان هەیە. مێژوونووس و فەیلەسوف ئەریك هۆبزباوم لەبارەی سەدەی رابردوو دەڵێ:" سەدەی بیست لەوەتەی 1917 ەوە لە گەڵ هەڵگیرسان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەستی پێکردو لە گەڵ رووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە 1991 دا کۆتایی پێهات "(30)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە مارکسیزم وێڕای بە هەڵە پڕاکتیزەکردنی لەماوەی سەدەی بیستدا لەوپەڕی گەشەکردن وبرەودا بووە، بەڵام ئەزموونەکەی سۆڤیەت و بە دۆگماکردنی هزری مارکسی لە زۆر لایەندا گورزی کوشندەی لێوەشاند و سەرەنجام بزاڤە چەپەکانی جیهانیش زیانی گەورەیان بەرکەوت و دەروازەی زیادتر بەڕووی سەرمایەداری کرانەوە ومارکسیزم ئەو برەوەی جارانی نەما و دوژمنانی بە شێوەیەکی رەها کەوتنەخۆ تا رایبگەیەنن کەمارکسیزم و فەلسەفە ئابوورییەکەی هەرەسیان هێنا و زۆربەی وڵاتانی سۆڤیەتیش رووە و ئابووری بازاڕ و لیبڕالیزم هەنگاویان نا .

رەنگە کورتە بەراووردێکی زانستیانەی دوور لە هەڵپەو بابەتییانەی نێوان هەردوو سیستەمی ئابووری مارکسیزم و لیبڕاڵیزم دەروازیەك بێت بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتییانەی هەردوو لایەن و لەوێوە روونتر بزانین کامە فێرگە پتر لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی دایە و ئایندەش بە دڵنیاییەوە ئەمە روونتردەکاتەوە.

ئابووری بازاڕ یەکێ لە کۆڵەگە هەرە بنەڕەتییەکانی هزری ئابووری لیبڕاڵیزمە بۆیە"لیبڕالیزم ئابووری بازاڕ بەخواوەند دەکاو لەو باوەڕەدایە کە ئابووری ((سروشتییە))، واتە خۆی رێکخەری خۆیەتی و خودکارە و متمانەدەکاتە سەر ئاڵوگۆڕکردنی شتە یەکسانەکان :کاڵا بە کاڵا، کاڵا بە دراو، کار بە کاڵا، یاخود کار بە دراو. بازاڕیش شتێکی کەسایەتی نییە.... بازاڕ لە روانگەی لیبڕالیستەکان، پێویستی بە دەست تێوەردانی دەوڵەت نییە"(31). لۆژیکی ئابوورییانەی لیبڕاڵیزم راشکاوانە نکۆڵی لە رۆڵی مرۆڤ و دەوڵەت دەکات کە لەرێگەی دەستێوەردانە بەردەوامەکانی خۆیانەوە کۆنترۆڵی بازاڕ دەکەن و بەو شێوەیەی کە مەبەستیانە لە رێگەی یاسای خستنەڕوو و خواستەوە(قانون العرض والطلب)و ئازادی کێبڕکێوە کەدوو بنەمای سەرەکی ئابووری بازاڕن، دەست لە بازاڕ وەردەدەن و کۆنترۆڵی بەرزی و نزمی نرخی کاڵاکانی بازاڕ و ئاراستەی بەکاربەران دەکەن، ئەمە لە لایەکیان، لە لایەکی

دیکەدا سیستەمی ئابووری لیبڕالیزم لە رووکاردا وەك تێبینی دەکەین هەموو شێوەکانی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە بازاڕ رەتدەکاتەوە، بەڵام ئەمە لەراستی دوورەو لە ناوەڕۆکدا دەوڵەت هەمیشە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەپشتەوەی ئەو زلەکۆمپانیا مۆنۆپۆلییانەی کەپەیوەندی پتەویان بە سەنتەرە باڵادەستەکانی بڕیاری سیاسییەوە هەیەو کارنامەی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و سەربازی و یاسایی و....تاد، حکومەت ئاراستەو کۆنترۆڵ دەکەن، خۆی حەشارداوە و هەمیشە ئامادەیە.
پەیوەندی نێوان زلەکۆمپانیاکان و دەوڵەت پەیوەندییەکی چارەنووسسازە و وەك دوو رووی دراوێك جیاکردنەوەیان ئەستەمە. دەوڵەت لەسیستەمی لیبڕالیزمدا لە تەك ئەرکە رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و یاساییەکانی گوزارشت لە بەرژەوەندی ئابووری زلەکۆمپانیا سەرمایەدارییەکان دەکات، لە بەرامبەریشدا زلەکۆمپانیاکان پاڵپشتی دەوڵەت دەکەن. شێوەو ناوەڕۆکی دەوڵەت و سیستەمە سیاسییەکەی شتگەلێك نین لە دەرەوەی پەیوەندی نێوان هەردوولادا بن، بەڵکو لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی جیهانگەرایی سەرمایە ناسراوە زلەکۆمپانیا مۆنۆپۆلییە سەرو نەتەوەییەکان، یان فرەنەتەوەییەکان، بە ئاگاداری و بە بەرچاوی دەوڵەتەوە لە لایەن مشتێ زلە سەرمایەدارەوە کۆنترۆڵی بازرگانی جیهانی و سەرجەم بازاڕەکانی جیهان دەکەن و ئاراستەی بەکاربەران بەو ئاقارەدا دەبەن کە زۆرترین رێژەی قازانج لە رێگەی ساغکردنەوەی کاڵاکانیان دابین بکاو بازاڕی تازە بۆ زێدە بەرهەمەکان دابین بکات.
چۆمسکی لەمبارەیەوە دەڵێ:" جیهانگەرایی هاوچەرخ بەشێوەیەك وەسفدەکرێ کە گوایە بازرگانی ئازاد بەرفراوان دەکات، بەڵام ئەمە وەسفکردنێکی گومڕاکەرە! .... لەمەش زیادتر مەیلێکی بەهێز لە ئارادایە بەرەو سیاسەتی مۆنۆپۆلکارانەی گرووپەکان و پێکهێنانی هاوپەیمانەتی ستراتیژی لە نێوان پڕۆژە ئابوورییەکان، سەرباری ئەمەش بەشێوەیەکی چڕ متمانە دەکرێتە سەر کەرتی دەوڵەت تاکو باری مەترسییەکان و تێچووەکان بخەنە ئەستۆی سەرجەم کۆمەڵگە"(32). ئەمە رێك پێچەوانەی ئەو ئایدیایەی لیبرالستەکان دەسەلمێنێ کە گوایە دەوڵەت دەست لە بازاڕ وەرنادات و ئابووری شتێکی سروشتییە و خۆی رێکخەری خۆیەتی و میکانیزمە خودکارەکانی بازاڕ بەڕێوەی دەبەن، لەمەش روونتر ئەوە دەسەلمێنێ کە دەوڵەت تەنانەت کەرتە ئابوورییەکانی خۆیشی، واتە کەرتە گشتییەکانیش، دەکاتە قوربانی کەرتی تایبەت و هەر لەم پێناوەشدا دەست لەبازاڕ وەردەدات.
لە روانگەی لیبڕالستەکان بازاڕ:" پێویستی بە دەوڵەتێکی بچکۆڵە هەیە، واتە پێویستی بە دەزگایەکی حوکمڕانی ((سوکەڵە))ی کەم مەسرەف هەیە.لە کۆتاییشدا ئابووری بازاڕ دەسەڵاتی ئابووری لە دەسەڵاتی سیاسی جیادەکاتەوە کە ئەمەش وا دەکات دەسەڵاتی ئابووری بتوانێت لە رێگەی باربووکردنی دەسەڵاتی سیاسییەوە لێپێچینەوەی لە گەڵدا بکا و بیگۆڕێت"(33). لەبارەی دەزگایەکی حوکمڕانی سوکەڵەی کەم مەسرەفدا مارکس باسی ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس دەکا و لەمبارەیەوە دەڵێ:" ئەو دروشمەی کە سەرجەم شۆڕشە بۆرژوازییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد،کە ئەویش

حکومەتێکی کەم مەسرەفە، کۆمۆنە کردیە هەقیقەتێك، کاتێك دوو دەروازەی گەورەی تێچووەکانی نەهێشت، ئەمەش بە نەهێشتنی تێچووی سوپا و وەزیفەکان"*******
ئەگەر سەیرێکی ئەو بانگەشە دێرینەی لیبرالیستە دێرینەکان بکەین کە مارکس ئاماژەی بۆ کردووە بۆمان روونەبێتەوە کە تەنانەت لەمەشدا نە ئەوان و نە نیولیبراڵیستەکانیش هەرگیز نەیانتوانیوە و ناتوانن ئەم ویستەی سیستەمە ئابوورییەکەیان بهێننەدی کە بریتییە لە دەوڵەتێك خودانی دەزگایەکی حوکمڕانی سوکەڵە و کەم مەسرەف بێت، باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە لەوەتەی رووخانی سۆڤیەتەوە گەورە نوێنەری نیولیبرالیزم و ئابووری بازاڕ و بە تایبەتکردنە و تا ئێستاش لە جیاتی کەمکردنەوەی تێچووەکانی جەنگ و سوپا گەورەترین بوودجەی دارایی بۆ بە سەربازیکردنی جیهانگەرایی تەرخان کردووە و ساڵانە ملیارها دۆلار بۆ ئەم مەبەستە تەرخاندەکات. لە لایەکی دیکەدا لەو باوەڕەدام کە ئابووری بازاڕ دەسەڵاتی ئابووری لە دەسەڵاتی سیاسی جیاناکاتەوە هەروەك لیبرالیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو فۆرم و ناوەڕۆکی پەیوەندی نێوانیان دەگۆڕێ و دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن دەسەڵاتی ئابووری زلەکۆمپانیاکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێ و دەوڵەت دەبێتە ئامرازێك کە گوزارشت لە سیاسەت و بەرژەوەندی ئابوورییانەی مشتێ زلەسەرمایەدار دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەسەڵاتی سیاسییش وەك تەواوی بواروبەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە کاریگەری بەهێزی دەسەڵاتی ئابووری، بە تایبەتیش دەسەڵاتی سەرمایەی، بەسەرەوە دەبێت و قۆرخ دەکرێت. سەمیر ئەمین لەمبارەیەوە دەڵێ:" نەئەمرۆکە و نەلە رابردووشدا نەکراوە ئابووری و سیاسەت یان "بازاڕ" و دەسەڵاتی دەوڵەت لێکجیابکرێتەوە.... ئەمە وێڕای گوتاری ئایدیۆلۆژی باو کە هەوڵدەدات نکۆڵی لەمە بکات"(34). لیبرالیستەکان هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە ئابووری بازاڕ باشترین سیستەمی ئابوورییە، بەڵام هزری ئابووری مارکسیزم "بەبێ ریاکاری دژی ئەمەیە، چونکە بازاڕ لە روانگەی مارکسیزمەوە بەهەشتی هاوسەنگییەکان نییە، بەڵکو دۆزەخی کێبرکێ و خۆویستی و ململانێیەو، ئاڵوگۆڕی شتە یەکسانەکانی وەکو(کار یا کاڵا یان دراو) بۆ هەمووان دروستە تەنها بۆ هێزی کار نەبێت ..... میکانیزمە خودکارەکانی بازاڕیش هەرگیز نابنە هۆی رێکخستنێکی شیرازەدار، بەڵکو دەبنە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانەکان، لە کۆتاییشدا هێزی پارە، واتە دەسەڵاتی سامان کۆنترۆڵی بواری سیاسی دەکات، کەواتە هیچ ئازادی و دیموکراسییەك لە ئارادا نییە"(35). ئازادی ودیموکراسی لە سایەی تێهزرینی لیبرالستەکان و سیستەمی ئابووری بازاڕدا تەنها بۆ هێزەکانی سەرمایەن و لە ناوەڕۆکدا زۆرینەی هێزە بەرهەمهێنەکانی کۆمەڵگە لە تەواوی بوارەکاندا بە شێوازێکی مۆدێرن بەکۆیلەدەکرێنەوە و وەك هەر کاڵایەکی دیکەی بێگیان مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت.کەواتە پرۆسەی " دەنگدان چ سوودێکی هەیە؟ لێرەدا( مەبەست لە سایەی سیستەمی لیبراڵدا/ م.م) پەرلەمانە هەڵبژێرراوەکان و حکومەتە بەرپرسەکان تەنها چەند توخمێکی جوانکارییین کە هیچ سوودێکیان نییە، " ئاڵوگۆڕی دەسەڵات"(واتە

بەدوای یەکدا هاتنی کەسانێکی جیا بۆ ئەنجامدانی هەمان شت) جێگەی ڕێبژارییە ئەڵتەرناتیڤەکانی دیکە دەگرێتەوە"(36).

لە بارەی سروشتی ئابووری بازاڕ (واڵدن بیللۆ) لەو باوەڕەدایە کە بە پێی یاسای (سای)"خستنەڕوو خواست دەخوڵقێنێت، چونکە سەرمایەداری ئامێرێکە داواکاری دەخوڵقێنێ، ئامێرێکە سروشتی زیندوو دەکاتە کاڵای مردوو، سەرچاوە سروشتییەکانیش دەکاتە سەرمایەیێکی بێژیان" دواتر دەڵێ " 72% ی ئەمریکاییەکان هەستدەکەن کە زلەکۆمپانیاکان دەسەڵاتێکی زیاد لە پێویستیان بەسەر ژیانیاندا هەیە"(37). ئەمە هەقیقەتی سیستەمی ئابووری بازاڕو بە تایبەتکردنی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە و تەنانەت مرۆڤەکانیش دەسەلمێنێ کە لیبڕاڵستەکانی سەرجەم جیهان بە کۆن و نوێیانەوە بانگەشەی بۆ دەکەن. سەمیر ئەمین لەمبارەیەوە دەڵێ:" بەپێی بانگەشەی گوتاری باوی لیبڕاڵیزمی نوێ هیچ هاوجێیەك بۆ ملدانە ((بازاڕ)) نییە، وێڕای ئەمەش گوایە خودی ئەو ملدانە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەهێنێتەدی، ئەمەش دروست نییە، بەڵام گوتاری ئابووری تەقلیدی هەوڵدەدات لە ڕێگەی پڕۆسەی موزایەدەکردنی ڕۆشنبیرییەوە ئەمە بسەلمێنێ....پڕۆژەی کۆمەڵگەیی کە ساختەکارانە پێیدەگوترێ "لیبڕاڵی" پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەکاتە قوربانیی قازانجی دارایی کەرتە هەژموونگەرەکانی سەرمایە "(38).

وەك ڕۆشەن دەبێتەوە تەواوی کەناڵەکانی بەردەست لە سیستەمی ئابووری بازاڕی سەرمایەداریدا تەنها بۆ دوو ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی وەگەڕدەخرێن:

یەکەمیان: مسۆگەرکردنی بازاڕی تازەیە لە سەرجەم جیهاندا لە پێناو ساغکردنەوەی زێدە بەرهەمی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری،

دووەمیشیان: زیادکردنی بەردەوامی ڕێژەکانی بەکاربردنە لە سەرتاسەری جیهاندا کە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەرزترین ڕێژەی زێدەباییو قازانجە کە دەرەنجامی بەکاربردنی هێزی کاری مرۆڤەکانو جوڵەی سەرمایەی داراییە . .

مارکس لەم خاڵەدا بە پێچەوانەی لیبڕاڵستەکان سەلماندوویەتی کە زێدە بایی لە دەرەنجامی ئاڵوگۆڕی کاڵاکان نایەتەدی، چونکە ئەم ئاڵوگۆڕە جگە لە گۆڕینەوەی شتە بەرامبەرەکان هیچیتر نییە و ناشتوانێ لە دەرەنجامی بەرزبوونەوەی نرخەکان بێتەدی، چونکە زیان و قازانجەکان لای هەریەك لە کڕیاران و فرۆشیاران پارسەنگ دەبن، بەڵکو بۆ بەدیهێنانی زێدەبایی:" پێویستە خودانی پارە کاڵایەك لە بازاڕدا بدۆزێتەوە کە بەهایەکی بەکارهێنانی هەبێ، خەسڵەتێکی تایبەتی هەبێ کە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەها********"

ئەم دووئامانجەی سەرەوە داینەمۆی مانەوەی خودی سیستەمی سەرمایەدارین ئەگینا وەك بیللۆ دەڵێ:" رادەی گەشەکردنی – سەرمایەداری – گەیشتۆتە ئاستێك کە زۆر زیاترە لەوەی نیشتمانەکەی دایکی لە باکوور پێویستیەتی، لە رادە بەدەریش لە ناوچەکانی باشوور دواکەوتووە.... بەکاربردنی هەمیشە روو لە زیادبوونیش راچێتەیەکی گشتییە تاوەکو ئابووری سەرمایەداری جیهانگەرا بەردەوامی خۆی

بپارێزێت... کاتی ئەوە دادێت کە دەرەنجامی ئەو قەیرانانەی زێدەبەرهەم و ناتوانایی بازارەکان لە بەخۆوە گرتنی ئەم زێدەبەرهەمە دروستی دەکەن، رێگاکان بەرووی توانای خۆدزینەوەی سەرمایەداری جیهانی دابخرێن "(39).
یەکێ لەو بوارانەی وڵاتانی سەرمایەداری خۆرئاوا سەرمایەگوزارییەکی لە رادەبەدەری تێدادەکەن، بواری خۆ پڕچەکردن و کێبڕکێی چەکی ئەتۆمییە کە ساڵانە لە سەر حیسابی بژێوی گەلانیان و مرۆڤایەتی بوودجەیەکی خەیاڵی بۆ تەرخان دەکرێ، مارکس لەمبارەیەوە پێوایە" بەشێکی گەورەی سەرمایەی وڵاتەکانیان لە دەریا دەکەن"، بەکردەش نەك هەر لەم بوارەدا، بەڵکو لە زۆر لایەنی دیکەشدا بەمەبەستی پێشگرتن لە دابەزینی نرخەکانی بازاڕ ساڵانە ملیۆنها تەن دانەوێڵە لەدەریا دەکەن، کەچی لە باشووردا ملیۆنان مرۆڤ لە قووتی رۆژانەیان بێبەشن. کە ئەمەش یەکێکە لە سیما هەرە زەقەکانی دڕندایەتی سیستەمی ئابووری بازاڕی سەرمایەداری و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زێدەبەرهەم، بەمەبەستی رێگرتن لە دابەزینی نرخەکانی بازاڕ، روونتردەکاتەوە .
هۆبزباوم لەو باوەڕەدایە کەوێڕای جیاوازییەکان سیمای هاوبەش لە نێوان مارکسیزم و لیبڕاڵیزمدا هەیە و یەکێ لەو سیمایە هاوبەشانە بانگەشەی ئازادییە، بەڵام بە بۆچوونی من یەکێ لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی دیکەی نێوان مارکسیزم و لیبڕاڵیزم لە خودی ئەم بانگەشەیەوە دەستپێدەکا، چونکە مارکسیزم خوازیاری:" ئازادی چالاکییە مرۆییەکانە بە شێوەیەکی گشتی و لیبڕالیزمیش (تەنها) ئازادی جموجۆڵی سیاسی و ئابووری"(40). مارکسیزمی رەسەن ( مارکسیزمی خۆرئاوا نەوەکو روسیا):" وایدەبینێ کە ئازادییەکان تەنها بواری سیاسی دەگرنەوە(بۆنموونە دەنگدان) و پێویستە بگوازرێنەوە بواری ئابووریش بەوەی کە بواری ئابووری لە دەسەڵاتی سەرمایە رزگاربکرێت"(41). هۆبزباوم وایدەبینێ کە لێکنزیکی نێوان مارکسیزم و لیبڕالیزم لە چەند لایەنێکدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە:" هەردووکیان لە خاڵی جیاجیادا پابەندن بە ئاوەزکاری و نەریتەکانی سەردەمی رێنیسانس و رۆشنگەری"(42). گومان لەوەدانییە کە هەردووکیان زادەی کلتوری خۆرئاوان، بەڵام مرۆڤ لە مارکسیزمدا گەورەترین سەرمایەیە و لە سایەی لیبڕاڵیزمیشدا وەك هەر شتێکی دیکەی بازاڕ دەبێتە کاڵا و کڕین و فرۆشی پێدەکرێ.
نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئەزموونەکەی سۆڤیەت کاریگەرییەکی خراپی بەسەر چارەنووسی مارکسیزمی رەسەندا جێهێشت کە تائێستاش ئاسەوارە خراپەکانی ماون و تا ماوەیەکی نادیاری دیکەش هەردەمێننەوە :"هیچ گومان لەوەدانییە کە تۆماری ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان(لە سۆڤیەت) تۆمارێکی ناحەز و ناشرین بوو، لە بەرامبەریشدا کەلتورێکی مرۆڤ دۆستانە هەبوو کە خۆی لە دابینکردن و تێرکردنی پێداویستییە مادداییەکان و فێربوونی بە خۆڕایی و نیشتەجێبوونی بەرواڵا و چاودێری تەندروستییدا دەبینێتەوە کە ئەوروپای ناچارکرد هەنگاو بەرەو بنیاتنانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بنێت کە ئەمڕۆکە خەریکە بنکۆڵ دەبێت"(43).

## کـــــــۆتـــایـــــی

**پەراوێزەکان:**


1-مناهج البحث العلمي وأسس الفكر الليبرالي عند كارل بوبر/ محمد المزوغي/مقال انترنيتى:

K.popper,The Logic of Scientific Discovery, trad,it,logica della scoperta scientifica, a cura di Giulio Giorello e Mario Trinchero,Torino 1998, pp107-108

2-سەرچاوەی پێشوو

K. POPPER, Die Beiden Grundprobleme der Erkentnisstheorie, Mhor, Tübingen 1979, [trad. it, I due problemi fondamentali della teoria della conoscenza, EST, Milano 1997

3-سەرچاوەی پێشوو

K. POPPER, The Open Society and its Enemies, Routledge & Kegan Paul, trad., it. La società aperta e I suoi nemici, a cura di Dario Antiseri, Armando Editore, Roma 2003 (rit.), p. 245.

4-سەرچاوەی پێشوو

K. POPPER, Alles Leben ist Problemlösen. Über Erkenntnis, Geschichte und Politik, trad., it, Tutta le vita è risolvere problemi, op. cit, p228.

5-سەرچاوەی پێشوو

K. POPPER, The Open Society and its Enemies, Routledge & Kegan Paul, trad., it. La società aperta e I suoi nemici, a cura di Dario Antiseri, Armando Editore, Roma 2003 (rit.)p245,

6-سەرچاوەی پێشوو

7-سەرچاوەی پێشوو

8-سەرچاوەی پێشوو

9-سەرچاوەی پێشوو

10-سەرچاوەی پێشوو

K. POPPER, The Open Society and its Enemies, Routledge & Kegan Paul, trad., it. La società aperta e I suoi nemici, pp. 54-55

11-سەرچاوەی پێشوو

B. LAI, a cura di, Contro Popper, Armando Editore,1998, p. 72.
-12آلان شالمرز، نظريات العلم، ترجمه الحسين سحبان وفؤاد الصفا، دار توبقال للنشر، المغرب 1991، ص، 54.
-13مناهج البحث العلمي وأسس الفكر الليبرالي عند كارل بوبر/ محمد المزوغي
K. POPPER, Unended quest, An Intellectual Autobiographie. The Library of Living Philosophers In., 1974 (trad., fr, La quête inachevée. Autobiographie intellectuelle, Calmann-Lévy, Paris 1981, p. 79-80).
-14سەرچاوەی پێشوو
-15سەرچاوەی پێشوو
Riflessioni critiche su Popper, a cura di Daniele Chiffi e Fabio Minazzi, FrancoAngeli, Milano 2005, p. 7.
-16وتارێکی ئەنتەرنێتی لە بارەی دایڤید هیوم کە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە : http://ar.wikipedia.org/"
-17سەرچاوەی پێشوو
-18کارل بوبر ، بحثا عن عالم أفضل، ترجمه د. أحمد مستجير، الهيئه المصريه العامه للكتاب، مصر العربيه 1999، ص، 151
-19یُمنى طريف الخولى، فلسفه العلم فى القرن العشرين. الاصول - الحصاد - الافاق، سلسله عالم المعرفه، الكويت 2000، صص، 329، 332، 333، 337، 342، 364.
-20مناهج البحث العلمي وأسس الفكر الليبرالي عند كارل بوبر/ محمد المزوغي.
K. POPPER, Alles Leben ist Problemlösen. Über Erkenntnis, Geschichte und Politik, trad., it, Tutta le vita è risolvere problemi, op. cit, pp. 226
-21سەرچاوەی پێشوو
-22سەرچاوەی پێشوو
-23سەرچاوەی پێشوو
-24سەرچاوەی پێشوو
-25سەرچاوەی پێشوو
-26سەرچاوەی پێشوو
-27سەرچاوەی پێشوو
K. POPPER, Alles Leben ist Problemlösen. Über Erkenntnis, Geschichte und Politik, trad., it, Tutta le vita è risolvere problemi, op. cit, p. 260
-28پۆپەر ئەم قسەیەی لە ساڵی 1992دا کردووە کاتێك سوپای ئەمریکاو هاوپەیمانانی هێرشیان کردە سەر عێراق و داگیریانکرد:
K. POPPER, Alles Leben ist Problemlösen. Über Erkenntnis, Geschichte und Politik, trad., it, Tutta le vita è risolvere problemi, op. cit, p. 263.
-29مناهج البحث العلمي وأسس الفكر الليبرالي عند كارل بوبر/محمدالمزوغي
-30الماركسية والليبرالية : القرابه والفراق/ د. فالح عبدالجبار/ وتارێکە لە لایەن بەندەوە کراوەتە کوردی و لە ژمارە(43) گۆڤاری بیری نوێ بڵاوکراوەتەوە.
-31سەرچاوەی پێشوو
-32المنتدى العالمي لماذا؟/ نعوم شومسكي/ المصدر: المنتدى الاجتماعي النشاه والمضمون/ من منشورات مركز المسلة لتنميه الموارد البشرية- اربيل/ص 22

-33الماركسية والليبرالية : القرابه والفراق/ د. فالح عبدالجبار/ وتارێكه له لایەن بەندەوه كراوەته كوردی و له ژماره(43) گۆڤاری بیری نویّ بڵاوكراوەتەوه.
-34البديل للنظام النيولبرالي المعولم والمسلح/ سمير امين/ المصدر: المنتدى الاجتماعي النشاه والمضمون/ من منشورات مركز المسلة لتنميه الموارد البشرية- اربيل/ص 38
-35الماركسية والليبرالية : القرابه والفراق/ د. فالح عبدالجبار/ وتارێكه له لایەن بەندەوه كراوەته كوردی و له ژماره( 43 ) گۆڤاری بیری نویّ بڵاوكراوەتەوه.
-36البديل للنظام النيولبرالي المعولم والمسلح/ سمير امين/ المصدر: المنتدى الاجتماعي النشاه والمضمون/ من منشورات مركز المسلة لتنميه الموارد البشرية- اربيل/ص 36- 37
-37مفترق طرق جوهانسبرج/ والدن بيللو// المصدر: المنتدى الاجتماعي النشاه والمضمون/ من منشورات مركز المسلة لتنميه الموارد البشرية- اربيل/ص 33- 34
-38البديل للنظام النيولبرالي المعولم والمسلح/ سمير امين/ المصدر: المنتدى الاجتماعى النشاه والمضمون/ من منشورات مركز المسلة لتنميه الموارد البشريه- اربيل/ص 36- 37
-39مفترق طرق جوهانسبرج/ والدن بيللو// المصدر: المنتدى الاجتماعى النشاه والمضمون/ من منشورات مركز المسلة لتنميه الموارد البشريه- اربيل/ص 33- 34
-40الماركسية والليبرالية : القرابه والفراق/ د. فالح عبدالجبار/ وتارێكه له لایەن بەندەوه كراوەته كوردی و له ژماره( 43) گۆڤاری بیری نویّ بڵاوكراوەتەوه.
-41سەرچاوەی پێشوو
-42سەرچاوەی پێشوو
-43سەرچاوەی پێشوو

**ئەو پەراوێزانەی بە نیشانەی(*)ئاماژەیان بۆكراوە:**

*مناهج البحث العلمي وأسس الفكر الليبرالي عند كارل بوبر/ محمد المزوغي/ مقال انترنيتى
**سەرچاوەی پێشوو
)***كارل ماركس: رأس المال (نقد الاقتصاد السياسى) الكتاب الأول: عمليه إنتاج الرأسمال الفصل الرابع والعشرون: ما يسمى بالتراكم الأولى( www.marxy.com /
****بڕوانه (بوءس الايديولوجيا/ كارل بوبر/ ترجمه : عبدالحميد صبره/ دارالساقي) ل7
*****الماركسيه و قاطرات التاريخ/غياث نعيسه/ مناضل ماركسي سوري يعيش فى فرنسا / www.kefaya.org
******سەرچاوەی پێشوو
*******بڕوانه فەسڵی سێیەمی/ دەوڵەت و شۆڕش/ لينين
)********كارل ماركس/ سيره مختصره وعرض للماركسية/ فلاديمير لينين / منشورات: دار صامد-تونس).
وێرای ئەو سەرچاوانەی لە سەرەوەدا ئاماژەیان بۆكراوە سوود لەم ژێدەرانەش وەرگیراوە بە تایبەتیش لە بەشی كورتەیەك لەبارەی بۆچوونە سەرەكییەكانی كارڵ پۆپەردا:
-1موجز تاريخ الفلسفه/تاليف مجموعه من الاساتذة السوفيت/ترجمه د. توفيق سلوم/ من منشورات دار الفارابي/ ص677 – ص684
-2شوبنهاور و فلسفه التشاؤم/ تأليف وفيق غريزي/ دار الفارابي 2008

**تێبینی بۆ خوێنەرانی بەڕێزی ئەم کتێبە:**

لە زارەوە فەلسەفییەکاندا دووچاری ئەرکێکی قورس هاتم، بەڵام هەوڵمدا بە پێی تونا هاوتا و هاوجێی نزیکی کوردییان بۆ بدۆزمەوە، لە مەشدا نازانم تاچەند سەرکەوتوو بووم، چونکە وەك دەزانن لە بواری زاراوەی فەلسەفیدا هێشتا زمانی کوردی لە سەرەتادایە .

**سوپاسو پێزانین:**

*سوپاسی هەردوو هاوڕێی بەڕێزم د.هادی مەحمود و زیرەك کەمال دەکەم بە تێبینییەکانیان بابەتەکەیان دەوڵەمەندترکرد..